بەکر سدیق

# چەمكو پرنسیپەکانی
# دیـمـوکـراسـی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٣

بەکر سدیق

چەمكو پرنسیپەکانی دیموکراسی

سلێمانی ٢٠٠٣

زنجیرەی کتێبی بیر: (١٧)

ژمارەی سپاردن: (٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٢

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)

## پێشەکی

**دیموکراسی، کەبابەتی سەرەکی ئەم نامیلکەیە پێکدێنێ، بیرۆکەیەکی نوێیە. ئەگەرچی ریشە سەرەتاییەکانی دیموکراسی بۆ سەردەمی یۆنانو رۆما دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو دیموکراسییەی ئەمڕۆ لەئارادایە زۆر جیاوازیی لەوەی یۆنانو رۆمانەکاندا هەیە بەرادەیەك کەناشێ وەك جاران پێناسەی بکەینو بڵێین ((دیموکراسی حوکمڕانیی گەلە)) بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کە لەوپێناسەیەدا واژەی ((گەل)) روخسارێکی چینایەتیی هەیەو چەندین توێژو چینی نەگرتۆتەوە، لەوانە کۆیلەکان.**

**لەم سەردەمەدا دیموکراسی بۆتە پێداویستییەکی ژیانی چونکە وای لێ هاتوە کەپەیوەندیی پتەوی بەسێ مەسەلەوە هەبێ کەراستەوخۆ کار دەکەنە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی هەر وڵاتێك. ئەو سێ مەسەلەیەش بریتین لە:**

١-پەرەپێدان؛ چونکە دیموکراسی هەلومەرجێکی لەبار بۆ بەگەڕ کەوتنی هێزە ئابورییەکان دەڕەخسێنێو گەشەیان پێ دەدا.

٢-سەقامگیریی سیاسی؛ چونکە دیموکراسی ئازادیی تەواو بۆ کاری حزبەکانو سەندیکاکانو رێکخراوەکان دەسەلمێنێو میکانیزمێك بۆ دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات پێکدێنێو لەم روەوە هۆکانی گرژیو پێکادان کەم دەکاتەوە.

٣-بەمەدەنی بونی کۆمەڵ؛ چونکە دیموکراسی هەلێکی گونجاو بۆ بەشێنەیی بڵاوبونەوەی فەلسەفەی لێبوردن دەڕەخسێنێو بەها مەدەنییەکان لەکۆمەڵدا دەچەسپێنێ.

ئەم نامیلکەیە بەشێوەیەکی زانستی لەکرۆکی دیموکراسی دەکۆڵێتەوەو دەروازەیەکی باش بۆ تێگەیشتنی چەمکەکانی دەکاتەوە. بەهیوای سود لێ وەرگرتن.

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

## پێش باس

لەبەرەبەیانی دروست بوونی کۆمەڵگاوە مەسەلەی دەسەڵات بووە گەوهەری ناکۆکی پێکهێنەرە جیاوازەکانی هەر کۆمەڵگایەك، چونکە هەر چین یان توێژێك یان نەتەوەو تایەفەیەك بەدوای دەسەڵاتێکدا دەگەڕا کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ، لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی هەر جۆرێك لەجۆرە پێکهێنەرەکانی ناو کۆمەڵگا لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازی هەبووە، بۆیە هەر لایەنێك توانیبێتی بگاتە دەسەڵات ئەوا بەرژەوەندی ئەو چین، یان تایەفەیە، یان مەزهەب یان نەتەوەیەی کە خۆی نوێنەرایەتی دەکات خستۆتە پێش بەرژەوەندی ئەوانی ترەوە هەربۆیە کە چەندان جۆری دەسەڵات لەمێژووی مرۆڤایەتیدا پەیدا بوون کە دیارترینیان، دەسەڵاتی تیۆکراتی، پاشایەتی، دیکتاتۆری، میلیتاری، تۆتالیتاریو هتد.

لەبنەچەدا دەسەڵات بۆ هاوسەنگ راگرتنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بایەخدارە، هاوشانی پاراستنی هەموان لەهەڕەشەی دەرەکی، لەو سۆنگەیەوە هیچ کام لەو دەسەڵاتە جیاوازانەی کە خرانەڕوو، نەیانتوانیوە لەمێژودا یان نەیانویستوە ئەو هاوسەنگییە رابگرن چونکە هەر یەکێك لەو جۆرانەی دەسەڵات، دەربڕی بەرژەوەندی ئێلیتێکە کە نوێنەرایەتی بەشێکی کەمی بەرژەوەندییەکان دەکات ئەویش بەرژەوەندی نەتەوەیەك، تایەفەیەك یان چینێکی دیاری کراوە.

مێژوی فەرمانڕەوایی لەکۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەری خستوە کە هیچ دەسەڵاتێك نیە جگە لەدیموکراسی، بتوانێ وەڵام دەرەوەی هاوسەنگ راگرتنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵ بێ چونکە دیموکراسی هەم ئاراستەیەك دادەنێ بۆ پێکەوە هەڵکردنی جیاوازییەکانو هەم دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان مسۆگەر دەکات.

لەراستیدا، پێکەوە ژیانی مرۆڤو جیاوازی لەبەرژەوەندییەکان، هۆی سەرەکی سەرهەڵدانو پێهەڵاچونی ناکۆکییە، بۆیە لەمێژودا بەهۆی پرینگانەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکانەوە هەمیشە شەڕو ئاژاوە لەنێوان تیرەو تایەفە، خێڵو مەزهەبو نەتەوە جیاوازەکاندا سەریهەڵداوە.

بێگومان جگە لەدەسەڵاتی سیستمی دیموکراسی هیچ جۆرێك لەدەسەڵاتەکانی دیکە نەیانتوانیوە بەتەواوی رێبگرن لەناکۆکیو ئاژاوەی پێکهاتە جیاوازەکانی

کۆمەڵگا. د. عەلی وەردی دەڵێ: دەوڵەت کۆتایی هێنا بەکوشتو بڕی خێڵەکی، دیموکراسیش کۆتایی بەکوشتو بڕی سیاسی دێنێ[1]. کەوابێ چەندە گرنگە کە دەوڵەت بتوانێ چوارچێوەی ژیانو هەڵسوڕانی تاکەکانی خۆی دابنێو لەگەڵ دەوڵەتانی وەك خۆی لەپەیوەندی‌یە سیاسی‌و ئابوری‌یەکانەوە گرێیان بدات، دیموکراسیش هێندە گرنگە بۆئەوەی سەقامگیری‌یەك لەناو خودی کۆمەڵگادا فەراهەم بکات.

هەڵبەتە بەبێ دیموکراسی ئەستەمە جیاوازی‌یەکانی ناو کۆمەڵگا لەفەزایەکی کۆمەڵایەتیدا رێ بکەن. چونکە دیموکراسی فەزای جیاوازی‌یەکانە. بەو مانایەی کە جیاوازی‌یەکانی ناو کۆمەڵگا لەناو فەزای سیستمێکدا دەحەوێنەوە کە لەیەك کاتدا لەپێشبڕکێ‌یەکی هێمن‌و ئاشتیانەدا بن بۆ ئیسپاتی رەوایی جیاوازی‌یەکانیان‌و مانەوەی سیماو ناوەڕۆکی خودی جیاوازی‌یەکان لەلایەکی دیکەوە.

---

[1]-د. علي الوردي، في الطبيعة البشرية، تقديم سعد البزاز، الأهلية للنشر والتوزيع عمان، ١٩٩٦ ص٧٣.

جیاوازی‌یەکان لەڕویەکی گرنگدا یەکگرتوو دەردەکەون ئەویش یەکگرتنێکی سیاسیانەی نێوانیانە بۆ ئەوەی لەئەنجامی ئامرازی یەکگرتنەکەیانەوە کۆمەڵگا بکەنە پێگەیەك بۆ حەوانەوەو پێکەوە هەڵکردن لەلایەك‌و ڕێگرتن لەپاوان کردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ هیچ کام لەجیاوازەکان لەلایەکی ترەوە.

بەمانایەکی تر، بۆ ئەوەی مافی تاکەکانی کۆمەڵ دەستەبەربکرێت. بۆ ئەوەی بازاڕی ئابوری‌و ئابوری بازاڕ بگونجێ لەگەڵ فرە جۆری خەڵك‌و بەرژەوەندیەکانیاندا، بۆئەوەی فەزایەك بۆ ئازادی بیرو باوەڕو کرانەوەی کۆمەڵگا_ دەسەڵات بخولقێو ئازادی هەموان وەك یەك دەستەبەربکرێ، هەر کام لەجۆرەکان ماف‌و ئەرکی بەرامبەریان بسەلێنن‌و بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەشداربن لەبوارە سیاسی، کەلتوری، ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتدا پێویستە سیستمێك لەوڵاتدا بەر قەرار بێ کە وەڵامێك بێ بۆپێکەوە هەڵکردنی هەموو جیاوازی‌یەکان. بێگومان جگە لەسیستمی دیموکراسی هیچ سیستمێکی تر ناتوانێ وەڵام دەرەوەی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی کۆمەڵگاکان بێ.

# بەشی یەکەم

## ماناو سەرهەڵدانی دیموکراسی

**دیموكراسی لەڕوی زمانەوانیی‌یەوە حوكمی گەل دەگەیەنێ بەڵام لەڕوی زاراوەیی‌یەوە، بەو سیستمە سیاسیی‌یە دەگوترێ كە ئیرادەی گەل دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، واتە ئەو سیستمەی كەگەل تیایدا بەئازادی، فەرمانڕەواكانی هەڵدەبژێرێ[1].**

**لەڕاستی‌دا گەل لەسیستمی دیموكراسی‌دا ناڕاستەوخۆ حوكمی خۆی دەكات، چونكە لەڕێگەی دەنگدانەوە خەڵك بێ ئەوەی هیچ گوشارێكی لەسەربێ، كێ بەپەسەندو شایستە بزانێ دەنگی بۆ دەدات تا نوێنەرایەتی بكات لەدەسەڵاتداو بەناوی خەڵكەوە نوێنەر یان نوێنەرانی هەڵبژێردراو مومارەسەی دەسەڵات دەكەن. ئەمەش بۆخۆی سەرداریێتی گەل دەگەیەنێ (سیادە الشعب) لەسیستمی سیاسی‌دا، بەپێچەوانەی حكومەتی تاك گەرایی یان كەمایەتی كە تیایدا ئیرادەی گەل فەرامۆش دەكرێ، ئیرادەی تاكەكەسێك یان ئێلیتێكی كەمایەتی دەسەپێ بەسەر ئیرادەی زۆرینەوە.**

**دیموكراسی لەسەر ردەمی دەوڵەتە- شاری یۆنانیەكانەوە داكەوت ب ارەكانی ئەسیناو ئەسبارتە بیركلس كە سەركردەیەكی ئەسینایی بوو[2] وشەی دیموكراسی بەكارهێنا لەگوتارێكی خۆیدا كە دەكرێ بەیەكەم بەیانی سیستمەكە لێك بدرێتەوە. (هیرۆ دۆت)یش لەباسی چیرۆكێكی رۆژهەڵاتیدا گفتوگۆیەك دەربارەی سێ شێوە سەرەتایی‌یەكانی دەستور دەردەخات كە بریتین لە، خاوەنداریێتی، ئۆلیگارشی‌و دیموكراسی[3] ئەگەرچی لەدەوڵەتە، شارەكانی یۆناندا، جیاوازی زۆر هەبوو لەنێوان ئەو خەڵكانەی كە بەسەربەستەكان دەناسران لەگەڵ ئەوانەی كەكۆیلە بوون بەڵام خەڵكە سەربەستەكە لەمقۆمقۆی چۆنێتی فەرمانڕەوایی دابوون. لەدەوڵەتە شاری یۆنانیەكاندا یەكسانی سیاسی**

---

[1] الموسوعه العربية المسيرة، بأشراف محمد شريف غربال، دار النهضه لبنان للطبع والنشر، بيروت، ١٩٨١ لاپەڕە ٨٣٧.

[2] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٥١.

[3] جان توشار، تأريخ الفكر السياسي، ترجمة الدكتور علي المقلد، الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨١، ص ٧١.

لەناوخەڵکە سەربەستەکەدا پەیڕەو دەکراو بەشێوەیەکی رەها رۆڵی کۆیلەکان لەدەرەوەی بیری سیاسیو دەسەڵاتدا دانرابوو، بەڵکو چەمکی هاوولاتیبون[٤] کە خەڵکە سەربەستەکەی لەخۆدەگرت بنەمایەك بوو بۆ مومارەسەی دیموکراسی راستەوخۆ لەدەوڵەتە- شاردا.

((لەکۆمەڵی ئەسینایی‌دا سێ گروپی سەرەکیو بنچینەیی لەریزی خەڵکدا نەبوونو خرابوونە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەوە، گروپی یەکەم ژنان بوونو پاوان کردنی مافی سیاسیو چالاکیە سیاسیەکان بۆ پیاوانبو، دووەمین گروپ کە بەدەرنرا بوون بریتیبون لەبیانیەکانو سێیەم گروپیش بریتی بوون لەکۆیلەکان، هاوولاتیان تەنها پیاوانی ناوخۆی دەوڵەتە- شار بوون))[٥]

((لەدەوڵەتە شاری یۆنانی‌دا سەرەتا ئەنجومەنی پیران هەبوو کە هەموو رۆژێ کۆدەبوەوە دەستوورو کۆنوسی

[٤] هەمان سەرچاوە ل ١٣-١٤.

[٥] ئانتۆنی ئاربلاستەر، دیموکراسی لەڕوی مێژوییو تیۆرییەوە، و. فارسی، حەسەن مورتەزەوی، و. کوردی رێباز مستەفا چاپی، یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەڕە ٥٦-٥٧.

کۆبونەوەی بۆ دانیشتنی شورای هاوولاتیان ئامادە دەکرد، لە (٤٠٠) کەسەوە بوونە (٥٠٠) کەس هەریەکێك لەدەهۆز یان مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن بەپێی تیروپشك (٥٠) کەسیان وەکو ئەندامی شورا بۆماوەی ساڵێك هەڵدەبژارد ئەو پەنجا کەسە وەکو کۆمیتەی راپەڕاندنی کاروبارەکانی شورا چالاکیان دەکرد))[٦]

شێوەی حوکمڕانی کردن لەسەردەمانی پێش زاییندا جێگەی تێڕامانو لێ وردبونەوەیەکە بەتەنیشت خەڵکێکی بەژمارە کەم لەسەربەستەکان (احرار) زۆرینەی دانیشتوانی دەوڵەتە-شارەکان کۆیلە بوون. ئەگەر هیچ ئازادیەك بۆ کۆیلەکان لەسایەی دەسەڵاتی دیموکراسی سەربەستەکاندا نەخەملا بەڵام پیادەکردنی شێوازی حوکمڕانی لەسەربنەمای هەڵبژاردنی تەقلیدی ئەگەر لەسەربنەمای (تیروپشك)یش بووبێ فەزایەکی فەلسەفیو فیکری لەناو فەیلەسوفانو ئەندیشەمەندو فەرمانڕەوایانی ئەو دەوڵەتە شارانەدا خولقاندبوو کە زیاتر پەیوەندی هەبوو بەڕەتکردنەوەو پەسەند کردنی حوکمی گەلدا. کە ئەوەش بۆخۆی بوە پێشینەیەکی

[٦] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٢.

فیکریو فەلسەفی بۆ پیادەکردنی ئازادی بۆ خەڵكو هاووڵاتیان. چونکە لەدواجاردا فراوانبونی شوناسی هاووڵاتی پانتایی پیادەکردنی دیموکراسی زیاتر کردو. بیری چۆنێتی حوکمڕانی کردنی گەل لەڕێگەی نوێنەرانەوە کردە بنەمای ئەو شۆڕشە گەورانەی کە لەوڵاتانی فەرەنساو ئەمریکادا سەریان هەڵدا.

((ئێرانیەکان بەڕێبەرایەتی داریوشو خشایار شا، هەوڵیاندا دەسەڵاتو پێکهاتەی دەوڵەتە شاری یۆنانیەکان لەبەین بەرن بەڵام لەدواجاردا نوشسیتان خوارد لەدوای ئەو شەڕەوە کە ئێرانیەکان ئەنجامیان دا کۆمەڵێك بزاڤی تر بۆ جێگیر کردنی دیموکراسی سەریان هەڵداو دوای ئەوە دیسان پۆستی دەزگای دەوڵەتیو کاروباری دەسەڵات لەسەر شێوازی تیروپشك دەستی پێکردەوە لەساڵی ٤٨٧ی بەرلە زایین تا ساڵی ٤٦١ی بەرلە زایین بەشێوەیەکی پایەدار دەوڵەت گەلی جەماوەری بەتەواوی فۆرمۆڵە بوون. بەڵام دوای داگیرکردنی دەوڵەتە شاری یۆنانیەکان لەلایەن مەکدۆنیەکانەوە گۆڕانی نێگەتیڤانە بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتە- شاردا هات[7])) بەڵام

[7] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٢-٤٣.

بەشێوەیەکی گشتی ئەسینا لەژێر رێبەرایەتی بیرکلس دا گەیشتە لوتکەی شکۆمەندی خۆی[8].

لەڕاستیدا کاکڵەی سەرەکی دیموکراسی ئەسینایيو یۆنانی: بریتی بوو لەبەشداری کردنی راستەوخۆی کۆمەڵی هاووڵاتیان لەدەوڵەتە شاری- ئەسینادا لەسەردو شێواز یەکەمیان: ئیکلیسیا (ئەنجومەن) هەبوو تیایدا هەر هاووڵاتیەك دەیتوانی- جێگەی خۆی بگرێ.کەدوایین بڕیاری سیاسی لێوە دەردەچوو کە لەهەموو هاووڵاتیان پێك هاتبوو، خەڵکی بۆ چوار یان پێنج یان حەوت ساڵ جارێك دەوڵەتێکیان هەڵدەبژاردو بەشێوەی دەوری حکومەتیان بەڕێوە دەبرد.

دوەمین تایبەتمەندی ئەو دیموکراسیيەی ئەسینا بریتی بوو لەدەست بەسەرداگرتنی هەموو پۆستەکانو چاودێری کردنیان لەلایەن هاووڵاتیانەوە[9].

هەڵبەت شێوازی دەسەڵاتدارێتی لەدەوڵەتە شاری ئەسینادا دەتوانین بەکەلتورێکی گرنگی سیستمی دیموکراسی دابنێین

[8] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٤.
[9] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٨.

لەئێستادا ئەگەرچی مێژوویەکی بەرین کەوتە نێوانی سەردەمەکانی تری دوای ئەو دەوڵەتە شارانەی یۆنانەوە کە شۆڕشەکانی تری دیموکراسی بەرپا کران، بەڵام بنەمایەکی گرنگ کەگەوهەری هەردوو شۆڕشی ئەمریکیو فەرەنسی پێك دەهێنا بریتی بوو لەحەواڵە کردنی ئیرادەی هاووڵاتیان بۆ ناو دەسەڵاتی سیاسیو بەشداری هاووڵاتیان بوو لەدەسەڵاتدا کە ئەوە بۆخۆی رسکانی ئازادی مرۆڤو کاراکردنی ئیرادەکەی دەگەیەنێ.

جان توشار دەڵێ ئەسینیەکان کاتێ سەربەستیان بەدەست هێنا کە یاسای سۆلۆن (قانون سۆلۆن) دانرا کە تیایدا سیستمی (زیندانی کردنی قەرزاردار وەك گرەنتییەك بۆدانەوەی قەرزەکەی؟) یا ساغ کرا ئازادی لەمافەکاندا بە یاسایەك پارێزرا کەتیایدا لەشی هاووڵاتی دەپاراست[١٠].

بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمریکی رێبازی سیستەمو بیروباوەڕی دیموکراسی زیاتر پەرە پێداو مافەکانی مرۆڤ پتربوونە ئامانجی تێکۆشانی میللەتان. ئەوەتا جیفرسۆن کە بانگەوازی سەربەخۆبونی ئەمریکای راگەیاندو دایڕشت دەڵێ:

[١٠] جان توشار، هەمان سەچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢١.

خەڵکی هەندێ مافیان هەیە کەناکرێ وازی لێ بهێنرێ وەك مافی ژیانو ئازادیو گەڕان بەدوای بەختەوەریدا، دەوری حکومەتیش پارێزگاری- کردنە لەو مافانە. جیفرسۆن کە لەساڵی ١٨٠١دا سەرۆکایەتی ئەمریکای گرتە دەست دەڵێ مافەکانی مرۆڤ کەناکرێ وازی لێ بهێنرێ، لەیاسای سروشتییەوە وەرگیراون دژی یاسای (بکوری) دەنگیدا کە میراتی زۆرینەی دەدایە کوڕی گەورەو دژی کۆیلایەتیو هەرشتێك بووکە هەڕەشەی لەئازادی ئاینی دەکردو، مافی دەنگدانی فراوانکرد، دەتوانین بەگشتی بڵێین کە پرنسیپەکانی جیفرسۆن بۆ دیموکراسی بریتی بوون لەحکومەتی کۆتدارو مافی مرۆڤو یەکسانی سروشتی[١١].

شۆڕشی ئەمریکا کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر گەشەسەندنی ئازادی مرۆڤ پەروەری لەمێژووی نوێدا ئەگەرچی لەسەرەتادا- جیاوازی لەنێوان سپییەکانی ئەمریکاو رەشەکانی ئەو وڵاتەدا هەبوو بەڵام خودی دیموکراسیو بیروباوەڕەکانی شۆڕشی ئەمریکا کە لەدەستوردا رەنگی دایەوە بونە هەوێنی فراوانبونی فەزای سیاسیو کرانەوە بەڕوی

[١١] هەمان سەرچاوە ص ٣٥٢-٣٥٤.

ئەو دیاردانەی کە بۆئازادی‌و دیموکراسی ئەمریکا پێویستی لەپێشینەبوون. بەتایبەت راگەیاندنی ساڵی ١٧٧٦ی فەرجینیا بۆ مافەکانی مرۆڤ کە سەربەخۆیی‌و ئازادی‌و بەختەوەری مرۆڤی لەخۆگرتبوو[١٢].

شۆڕشی فەرەنسا قۆناغێکی نوێی مرۆڤایەتی هێنایە گۆڕێو کاری کردەسەر هەموو بوارەکانی مافی مرۆڤو خزمەتێکی گەورەی بەفەرهەنگی دیموکراسی کرد. تەنانەت گۆڕانکاری لەبوارە یاسایی‌یەکانو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنچینە یاسایەکاندا هێنایە گۆڕێ. کە لەدواجاردا یاسا گەوهەری دیموکراسی پەخش دەکات.

راگەیاندنی ساڵی ١٧٨٩ لەدەستوری فەرەنسا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئەو وڵاتە بریتی بوو لە" راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤو هاووڵاتیبوون، وەك ئازادی، خاوەندارێتی، ئاسایش‌و رەت کردنەوەی زۆرداری[١٣].

نوسەری فەرەنسی، ئابی سیس لەکتێبی بەناوبانگی خۆیدا دەربارەی چی‌یەتی چینی سێهەم لەساڵی ١٧٨٩داو هەروەها لەووتارەکانی تریدا دەربارەی راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤو هاووڵاتی‌و لەدیباجەی دەستوردا، دەتوانرێ ئەو پێشکەوتنە. ئەبستمولۆجیە بەرچاو بکەوێ کە ئەندێشمەندانی شۆڕشی فەرەنسا لەبواری فیکری‌و سیاسی‌و دیموکراسی‌دا پێشکەشی مرۆڤایەتیان کردوە بەتایبەت لە دوو بواری گرنگ کە یەکەم پرنسیپی سەردارێتی نەتەوەیە (مبدأ سیاده الأمة) دوەمیان مافەکانی مرۆڤە.

بەپێی پرنسیپی سەردارێتی نەتەوە:- نەتەوە پێش هەرشتێك هەیەو سەرچاوەی هەموو شتێکەو ئیرادەکەشی بە بەردەوامی شەرعیەتی هەیەو دەتوانین بڵێین لەخودی خۆیدا (یاسا)شە. جگە لەیاسای سروشتی هیچ شتێك لەسەروی ئەو سەردارێتی‌یەوە نابێ. پێش شۆڕش، شا، لەگەڵ دەوڵەتدا ئاوێتە ببوونو پێکەوە بەسترابوون. بەڵام دوای شۆڕش، شای وڵات بووە بەشێك لەنەتەوەو خودی نەتەوە بووە سەرداری هەمووشتێك[١٤].

---

١٢ هەمان سەرچاوە ص ٣٥٨.

١٣ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٥٨.

١٤ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی، جان توشار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٥٦-٣٥٩.

بوونی نەتەوە بەسەرچاوەی هەموو بەهاکان بە(شا)ی ولاٌتیشەوە ئەو گۆڕانەی لیٚ کەوتەوە کە هەموو شتەکانی دیکە بگۆڕێنو هاوولاٌتیان ببنە گەوهەری دەسەلاٌتو ئەو دامەزراوانەی کە کۆمەڵی مەدەنی سیاسی هەڵدەسوڕێنن.

ئەم تێڕوانینە مافی دەنگدانی گشتی هێنایە گۆڕێ کە یەکێکە لەو ئامرازانەی لەبواری پیادەکردندا سیستمی سیاسی بۆ سەلماندنو مل کەچکردن بۆ ئیرادەو داخوازیەکانی تاکەکانی کۆمەڵ راپێچ دەکاتو بەرژەوەندی نەتەوە بە بەرژەوەندی گشتی لێك دەدرێتەوە بەمانای ئەوەی بەرژەوەندی گشتی دەکرایە ئامانجو بەرژەوەندی تایبەتی کە لەبەرژەوەندی (شا)وە دەست پێدەکات، بووە بەشێك لەبەرژەوەندی گشتیو هەمووان.

ئەمەش لەخۆیدا دانانی کۆتوبەند دەگەیەنیٚ بەسەر ئەوانەی کە لەدەسەلاٌتدان. ئەو کۆتو بەندانەش سەرچاوەکەی بۆ سەردارێتی نەتەوە دەگەڕێتەوە. هێزی دەسەلاٌت، هەڵوێستو بڕیارەکانی فەرمانڕەوایان هەمووی لەپانتایی هێزی نەتەوەوە سەرچاوە دەگریٚ.

سیس لەباسکردنی سەردارێتی نەتەوەدا وادەبینیٚ کە ئیرادەی نەتەوەیی کۆبەندی ئیرادەی تاکەکانە هەروەك چۆن نەتەوە لەکۆمەڵێك لەتاکەکان پێك دیٚ، لەڕوی یاسایشەوە بەرای ئابی سیس نەتەوە جەستەیەکە لەوانەی بەشدارن لەژیانداو لەسایەی یاسایەکی هاوبەشدا دەژینو هەمان ئەنجومەنی یاسادانان نوێنەرایەتیان دەکات[١٥].

دوەم پرنسیپی شۆڕشی فەرەنسی کە رەوشی مافی مرۆڤە، لەدەستوری دانراودا رەنگ رێژکرا. لەماوەی یەکەمدا پرەنسیپی یەکسانی دەقی گرت کە دەڵیٚ: خەڵکی بەئازادی لەدایك دەبنو هەربە ئازادیش ئەمێننەوەو لەمافەکانیشیاندا یەکسانن. لەکاتێکدا راگەیاندنی فەرجینیا تەنها ئەوەندە بوو کە دەڵیٚ (هەموو خەڵکیٚ بەئازادی لەدایك دەبنو یەکسانن لەسەربەخۆبونیاندا[١٦].

لێرەدا دەتوانین بڵێین کەشۆڕشی فەرەنسا فەرهەنگی دیموکراسی دەوڵەمەندتر کرد بە بەراورد لەگەڵ شۆڕشی ئەمریکادا.

جیٚگرتنی پاراستنی مافی مرۆڤ لەدەستورداو بەگرنگ گرتنو دانانی نەتەوە بەسەرچاوەی ئیرادەی دەسەلاٌت. وەرچەرخانێکی گەورەی لەمێژوی خەباتی مرۆڤایەتیدا

[١٥] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٥٧.

[١٦] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٥٨.

بەرپاکرد بۆ ئازادیو دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤو ئەرکەکانی هاوولاتیانیشی لەو گۆشەنیگایەوە دیاری دەکرد کە مافەکانیان لەبەرچاو بگیرێ. بەتایبەت ئەو ماوە مێژوویی‌یەی کەوتە نێوانی دیموکراسی بنەڕەتی بیرکلسی یۆنانیو شێوە فەرمانڕەوایی لەدەوڵەتە شاری یۆنانیەکاندا. جیاوازی گەورەی سەردەمی دەوڵەتە شارەکانیش لەیۆناندا لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەلایەتیو ئابوری لەئەمریکاو فەرەنسادا زیاتر لەوەدا دەردەکەوێ کە کۆیلەکان زۆربەی خەڵکی بوونو نەدەچونە ژێر بەهاکانی هاوولاتیبوونەوە. لەکاتێکدا چەمکی هاوولاتیبون تایبەت بوو بەخەڵکێکی کەمی سەربەست. بەلام لەئەمریکاو فەرەنسادا هاوولاتیبوونو مافو ئەرکەکانی چوە ناو پانتایی خەڵکەوە هەرئەمەش هۆی سەرەکی بوو لەوەی کە دیموکراسی بەشێوەی راستەوخۆ لەئەسینا پیادە دەکراو دەنگدان بەشێوەی تیروپشك بوو چونکە کەمایەتی لەناو تاکەکاندا ببووە سەرچاوەی بەشداری سیاسیو کاروباری دەوڵەت. کەچی فراوانبوونی چەمکی هاوولاتیبوون لەسێبەری ئەندێشەو تێزەکانی ئەودو شۆڕشەی دواییدا بوونە هۆی پەیڕەوکردنی سیستمی دەنگدانو دیموکراسی کردە دیموکراسی ناڕاستەوخۆ کە لەرێگەی

هەڵبژاردنەوە لەجیاتی تیروپشك (قرعە) دەسەلات هەڵدەبژێردرێ.

پێنتام: پەی بەوە برد کە خەڵك توانای ئەوەی هەیە چالاکی بنوێنن لەڕوی سیاسیەوە هەرئەوە بوو کە پێنتامی والێکرد روبکاتە بنەماکانی دیموکراسی. چونکە هەرکەسەو بەدوای بەختەوەری شەخسی خۆیەتی سەرەنجام هەرکەسەو بەقازانجی خۆی دەنگ دەدات[١٧].

هەڵبەت خەباتکردن بۆ دەنگدانی گشتی مشتومڕێکی گەورەشی لەئینگلستاندا دروست کردبوو کە ناکرێ ولاتی ئینگلستان بە بەشێك لەمێژوی سەرهەڵدانو تەشەنە سەندنی دیموکراسیو بیری ئازادی حساب نەکرێت.

ئانتۆنی ئاربلاستەر لەباسی دەنگدانی گشتی لەئینگلستاندا دەنوسێ: بۆرژوا دڵنیاکانی وەکو (جیمیزمیل) و (ئەدوارد میال)ی لێ دەرچێ کەوەك (چارتیست)ەکانی دەیەی (١٨٣٠-١٨٤٠) (چارتیست مەبەست لەبزوتنەوەی رادیکاڵی چینی کرێکاری

١٧ ئانتۆنی ئاربلاستەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٦.

ئینگلستانه) بۆمافی دەنگدانی گشتی دەستیان بەخەبات کردبوو ئەوکەسانەی کە لەدیموکراسی دەترسانو ناکۆك بوون لەگەڵیدا گەیشتبونە ئەو ئەنجامەی کە سەرکەوتنی دیموکراسی تەریبە لەگەڵ هەژموونو دەسەڵاتدارێتی سیاسی چینی کرێکار، دواتر ئاربلاستەر دەڵێ بەم پێیە لەسەدەی نۆزدەدا دیموکراسی هەم لەلایەن داکۆکیکەرانو هەم لەلایەن نەیارانییەوە بەمەسەلەیەکی چینایەتی دەژمێردرا هەرئەوەش بووە مایەی گەورەتربوونی خەبات لەپێناوی جێ گیرکردنی یان دژایەتی کردنیدا[18].

گفتوگۆکردنو مشتومڕ لەسەر چەسپاندنی دەنگدانی گشتی ئەگەرچی هەموشتێ ناگەیەنێ لەدیموکراسیدا بەڵام بەسەرەتایەکی گرنگ دەژمێردرێ لەدیاری کردنی چارەنوسی دەسەڵاتی سیاسی هەر کۆمەڵێکدا، چونکە دەنگدان مافێکی سەرەتایی تاکەکانە لەبەشداری کردن لەهەڵبژاردنی دەسەڵاتی سیاسیدا هەروەك ئامرازێکی گرنگیشە بۆ دەستاودەست کردنی دەسەڵاتیش.

[18] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠٤-١٠٥.

خەباتی دیموکراسی هەربەوەندە نەوەستا بەڵکو لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئەگەرچی گەرمەی شەڕی سارد، بایەخی خەباتی دیموکراسی کەم کردبووەوە بەڵام چونکە دیموکراسی بوە راستییەکی مێژویی نەپساوە بۆیە لەدواجاردا بووە باهۆزێکی پڕ بایەخو تێکەڵی هەموو بوارەکانی گەشەکردنی سیستمی سەرمایەداری بوو. لەم سەردەمەشدا ئەو راستیە رون بۆتەوە کە دەوڵەتانی دیموکرات باشتر لەوڵاتانی نادیموکرات، گەشەکردنی ئابوری بەخۆوە دەبینن‌و گەلەکەشیان چاکتر لەگەڵ ئێلیتی حوکمڕاندا هەڵدەکەن. هەرئەوەش وای کرد کەسەرۆکی پێشوی روسیا بۆریس یەڵسن لەوتارێکدا لەبەردەم کۆمەڵەی روسیای سەربەست لەساڵی ١٩٩١دا بڵێ: وڵاتەکەمان بێ بەختە، بەسەرماندا سەپاوە ئەزموونی سۆشیالیستی جێبەجێ بکەین، قەدەریش پاڵی پێوەناوین بەوئاراستەیەدا. لەجیاتی ئەوەی ئەم ئەزموونە لەدەوڵەتێك بەنموونە لەئەفریقا تەواو بکرێ، کەچی لەئێمەوە دەستی پێکرد. بەڵام لەکۆتاییدا توانیمان بیسەلمێنین کە ئەو بیروباوەڕە لای ئێمە جێگەی

نابێتەوە. ئەم گۆڕانە وای لێ کردین کە لەڕێڕەوی دەوڵەتە شارستانیەکاندا دەرکەوین[19].

شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دەسەڵاتی شورەوی ناوێکی تری لەدیموکراسی‌نا، ناوەڕۆکەکەشی بەجۆرێکی تر پیادەکرد کە تایبەت بوو بەچینی کرێکاران ئەویش بریتی بوو لەدیموکراسی شۆڕشگێڕ: کە پشت بەفەلسەفەی کارل مارکس دەبەستێ‌و سیستمێکە کە تۆتالیتارە (شمولی)و دەسەڵات هەموو دەچێتە دەست چەند لیژنەیەکەوەو زاڵدەکرێتە سەرهەموو چالاکیە ئابوری، فەرهەنگی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی تاکەکانەوە. هەروەك دان نانێ بەپرنسیپی ئازادی تاکەکان لە هەردو بواری سیاسی‌و ئابوری‌دا[20].

ئەم جۆرە سیستمە لەجێ‌بەجێ کردنی‌دا دکتاتۆریەتی چینی کرێکاران دەسەپێنێ‌و لەناوەڕۆکی دیموکراسی دوردەکەوێتەوە.

---

[19] فرانسیس فۆکۆیاما، نهاية التأريخ، ترجمة وتعليق د. حسين الشيخ، دارالعلوم العربية بيروت- الطبعة الأولى ١٩٩٣، لاپەڕە ١٠٧.

[20] الموسوعة العربية الميسرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨٣٧.

لەراستی‌دا دیموکراسی چوارچینی لەوڵاتی (چین)دا پەیڕەودەکرا کەتایبەت بوو بەجوتیاران‌و خوێندکاران‌و بورجوازی بچوك‌و بۆرجوازی گەورە، بەمانای ئەوەی تەنها ئەو چوارچینە، چین رزگار دەکەن‌و هەرئەوانیش مافی وەرگرتنی دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی‌یان هەیە.

هیچ کام لەم دوجۆرە سیستمەی سەرەوە جگە لەنەهامەتی، لەدواجاردا چی‌تریان بۆ ئازادی تاکەکەسی‌و بەشداری هاوولاتیان لەبوارەکانی مەدەنی‌و سیاسیدا دەستەبەر نەکرد.

بەپێچەوانەوە دیموکراسی لیبرالی کە بەدیموکراسی رۆژئاوایی ناودەبرێ بووە ئەو فەزایەی کە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ لەیەکگرتنێکی سیاسیانەی نێوانیاندا بحەوێنێتەوە.

دیموکراسی رۆژئاوایی: کە هەردوو شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکا لەسەر ئەوبنەمایە سەریان هەڵدا پشتی بەدو پایەی بنچینەیی بەست یەکەمیان: پرنسیپی سەرداریتی گەل (مبدأ سيادە الشعب) کە لێیەوە دەسەڵاتداران هەڵدەبژێردرێن‌و چاودێریش دەکرێن دوەمیشیان: پرنسیپی گرنتی ئازادی تاکەکانە لەدوو بواردا (مبدأ ضمان الحريات الفردية) کە بواری سیاسی‌و بواری

ئابوری دەگرێتەوە لەگەڵ گرنگی دان بەیەکسانی سیاسی. ئەم جۆرەی دیموکراسی پشت بە پرنسیپی تاکگەرایی دەبەستێ لەدابین کردنی ئازادیدا، کە تیایدا کۆتوبەند دەسەپێنی بەسەر دەسەڵات لەپێناوی پاراستنی مافو ئازادی تاکەکانی کۆمەڵدا[21].

دیموکراسی رۆژئاوایی ناڕاستەوخۆ پیادە دەکرێت بەپێچەوانەی دیموکراسی راستەوخۆی سەردەمی دەوڵەتە شاری یۆنان لەرێگەی دەنگدانەوە دەبێت کەتیایدا گەل مومارەسەی شێوەکانی سەردارێتی دەکات بەبێ ئەوەی هیچ گوشارێك لەسەر هاوولاتیان هەبێ.

مومارەسە کردنی روەکانی سەردارێتی گەل لەهەناوی دیموکراسیدا بەهەندێ ئامرازەوە جێبەجێ دەبێت کە لەولاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ کە گرنگترینیان ئەمانەن.

١-مافی دەنگدانی گشتی: تیایدا ژمارەیەك لەتاکەکان پرۆژەی یاسا دادەنێن ئینجا ئەنجومەنی

[21] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٨٣٧.

نوێنەران گفتوگۆی لەسەر دەکاتو دەنگی لەسەر دەدات.

٢-مافی راپرسی: تیایدا یاساکە، دەخرێتە بەردەم جەماوەر دوای ئەوە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات تاکو گەل دواقسەی خۆی بکات.

٣-رەوایی ناڕەزایی گەل: ئەوە مافی ژمارەیەك دەنگدەرە کە لەناو دەستوردا دیاری دەکرێتو گەل بۆی هەیە، رای خۆی بدات بەمافی رەتکردنەوەشەوە لەسەریاسایەکی دیاری کراو وەك لەدەستوری سویدا هاتوە لەساڵی ١٨٧٤دا[22].

لەڕاستیدا دیموکراسی لەپیادەکردنی دەنگداندا بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی دەسەڵات دەگرنە دەست دو شێوازی هەیە. ئەوەی کە لەرێگەیەوە نوێنەران هەڵدەبژێرن بۆ ئەنجومەنێکی دیاریکراو لەژمارەیەك نوێنەر پێك دێت پێی دەوترێ هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ کە لەمەیاندا نوێنەران کەسێك لەناوخۆیاندا بەنوێنەرایەتی گەل هەڵدەبژێرن بۆ سەرۆکی لیژنەی راپەراندن وەك

[22] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕەی پێشوو.

هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەتورکیاو بریتانیاو هتد. بەڵام هەڵبژاردنی راستەوخۆ ئەوەیە کە راستەوخۆ گەل نوێنەری خۆی هەڵبژێرێ بۆ لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتو راستەوخۆ دەسەڵات پیادە دەکات بەسەر هاووڵاتیانەوە وەك هەڵبژاردنی سەرەك کۆمار لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا.

## بەشی دووەم:

## پیادە کردنی دیموکراسی

تایبەتمەندییەکی تری سیستمی دیموکراسی لەسیستمو دەسەڵاتە جیاوازەکانی تر، لەپیادەکردنی دیموکراسیدا دەرئەکەوێ. چونکە لەسیستمی دیموکراسیدا، کۆمەڵگای مەدەنی- سیاسی لەسیستمێکی فرە دامەزراوەیی (تنوع المؤسسات)دا پێکەوە دەبەسترێنەوەو هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ بەهۆی دامەزراوەکانەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە ئاوێتەی یەکتری دەبن لێرەوە دەسەڵات لەپیادەکردندا بریتی دەبێ لەدەربڕینی توانستی تاکەکانی کۆمەڵ.

لەڕاستیدا دیموکراسی لەپیادەکردندا پێویستی بەدوو رەگەزی بنچینەیی هەیە کە ئەمانەن:

١-هۆشیاری کۆمەڵ.

٢-پیادەکردن لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون.

یەکەم: هۆشیاری کۆمەڵ

ئەگەر دیموکراسی بریتی بێ لەودەسەڵاتەی کە ئیرادەی خەڵکی لەپشتەوەیە ئەوا کاتێك ئەو ئیرادەیە بۆ ناودەسەڵات حەواڵە دەکرێو بنەما وەزیفیو دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراسی تۆکمە دەکات، کە سەرچاوەی ئەو ئیرادەیە لەهۆشیاریو تێگەیشت اوەی گرتبێ بۆ هەموو ئەرکە نیشتمانی، کۆمە اسیو ئابورییەکان.

**لەڕاستی‌دا ئەرکی دەسەڵات ڕاپەڕاندنی سەرجەم ئەرکە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و کارگێڕی‌یەکانی وڵاتە، لەبەرئەوە پێویستە خەڵك لەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیاندا بۆئەو مەبەستە بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن‌و دەنگیان پێ بدەن کە لەئاستی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەدا بن، بێگومان ئەوەش کاتێك بەرجەستە دەبێ کە تاکەکانی کۆمەڵ هۆشیاری‌یەکی نیشتمانی‌یان هەبێ‌و لەئاست مەسەلە چارەنوسسازەکان‌و ئەرکە نیشتمانیەکاندا خۆیان بە لێپرسراو بزانن.**

**کەوابێ هۆشیاری‌و ڕۆشنبیری لای تاکەکانی کۆمەڵگا بایەخێکی باڵای هەیە بۆیە جۆرج تەرابیشی پێ‌ی وایە کە داینەمۆی میکانیزمی هەڵبژاردن ڕۆشنبیری هەڵبژاردنەو تەرابیشی پێ‌ی وایە کە دیموکراسی پێش ئەوەی سیستمی فەرمانڕەوایی بێ، سیستمێکی کۆمەڵایەتی‌یەو ناتوانێ پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوایان‌و خەڵکی ڕاهی بکات کە لەپێشدا پەیوەندی نێوان خەڵك نەبێ. پێ‌ی وایە کە، لەگەڵ ئەوەدا دیموکراسی سیستمی دەوڵەتە بەڵام لەگەوهەری خۆیدا سیستمێکە بۆ کۆمەڵێکی مەدەنی. تەرابیشی وادەبینێ کە ئەگەر سەربەستی دیموکراسی بە سندوقی دەنگدان کۆتایی بێ ئەوا سندوقی یەکەم کەلێ‌ی دەردەچێ سندوقی مێشکە[٢٣].**

**وەك گوترا هۆشیاری کۆمەڵگا لەهۆشیاری تاکەکانیەوە سەرچاوە دەگرێ، هۆشیاری تاك ڕۆڵی ئەکتیڤ دەگێڕێ لەپرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا چونکە لەلایەك تاکەکان دەتوانن مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ دەسەڵاتدا بکەن‌و ئەو پەیوەندیەی کە سیستمی دیموکراسی لەنێوان خەڵك‌و دەسەڵاتدا دروستی دەکات لەسەربنەمای بەرژەوەندی گشتی بێ‌و لەلایەکیش تاکەکان هەمیشە دەوری چاودێر دەبینن بەسەر دەسەڵاتەوە تا لەگەندەڵی‌و بیرۆکراسیەت دەسەڵات دوربکەوێتەوەو ئەوانەش کە لەڕێکخراوەکاندا کاردەکەن هەمیشە لەخۆ نوێکردنەوەو خۆ چاککردندابن بۆئەوەی هەرچی زۆرتر دەنگی خەڵکیان لەگەڵ بێ، ئەم کێبڕکێ‌ی بەردەوامدان‌و نەمەڵی بڕکێ‌یەش کە داینەمۆیەکەی هۆشیاری تاکەکانە پرۆسەو دامەزراوەکانی دیموکراسی تۆکمە دەکات.**

---

[٢٣] جورج ترابيشى في ثقافة الديموقراطية- المفكر العربي، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان، ص١٧.

**هەڵبەت تاكەكانی كۆمەڵگا چەندە ئامرازێكی پڕبایەخن بۆ چاكسازی كردن لەحزبو رێكخراوەكانو ئەوانەی كە دەچنە دەسەڵاتەوە هێندەش پێویستە كەلەناو خۆیاندا ئەوبنەمایانە رەنگبداتەوە كە بۆ رەگەزەكانی دیموكراسیو كۆمەڵی مەدەنی پێویستن بۆیە لاری دایموند پێی وایە كە: دیموكراسی پێویستی بەوەیە كە هاوولاتیان كۆمەڵێك بەهاو ئاراستەی سیاسیان هەبێ لەوانە دادوەریو لێ بووردنو بەخشندەییو كاراییو زانینو بەشداریكردن[٢٤] دیموكراسی دەسەڵاتێكە ناڕاستەوخۆ خەڵك خۆی فەرمانڕەوایە بەسەر خۆیەوە كەوابێ كاتێ دیموكراسی گەوهەری خۆی پیشاندەدا كە دەسەڵات بەچەشنێ پیادە بكرێ كە رای سیاسی زۆرینەی تاكەكان لەوپیادە كردنەدا رەنگ بداتەوە.**

**رونالد ئینگڵهارد، لەئاكامی راوەرگرتنێكدا (استطلاعات الرئی) كە لە (٢٠) دەوڵەتی ئەوروپی ئەنجامی داوە دەری خستوە كە: باوەڕبوون بەژیانو بڕوای ئاڵوگۆڕ لەنێوان كەسەكانو رەتكردنەوەی گۆڕانكاری شۆڕشگێڕانە پەیوەندییەكی بەتینی هەیە نەك هەربە پەرەسەندنی ئابوری بەڵكو بەدیموكراسییەكی سەقامگیریشەوە ئینگڵهارد وادەبینێ كە رۆشنبیری سیاسی ئەڵقەیەكی یەكلاكەرەوە پێك دێنێ لەپەرەسەندنی ئابوریو كۆمەڵایەتیدا[٢٥].**

**بێگومان تاك دەبێ بڕوای بە بەردەوامیو سەقامگیری سیستمی دیموكراسی هەبێو بەئامرازێكی یەكلاكەرەوەی دابنێ لەچارەسەركردنی گرفتەكانی دەسەڵاتداو ئەو قەناعەتەی بەلاوەنابێ كە شۆڕش دەرمانی هەموو دەردێكە چونكە دیموكراسی لەسادە ترین واتای خۆیدا رەت كردنەوەی توندوتیژییە، لێرەوە ئەو بڕوایە پتەودەبێ كە دیموكراسی فەزایەكی گونجاو پەیدا دەكات بۆ چالاكیە ئابوریەكانو سەقامگیركردنی بازاڕ ئەوەش هاندەرێكی باش دەبێ لەپەرەسەندنی ئابوری وڵاتدا. رۆشنبیری تاكەكان ئەو پەیوەندییە دروست دەكات لەنێوان دەسەڵاتو خەڵك دا كەرێ دەگرێ لەهەر گەندەڵییەكی ئابوری سیاسی**

---

[٢٤] لاری دایموند، مصادر الدیموقراطیة، ثقافة المجموع أم دور النخبة ترجمة سجیة فلوعبود، الطبعة العربیة دار الساقی، الطبعة الأولی ١٩٩٤، (ص٩).

[٢٥] هەمان سەرچاوە ص١٠.

فەرمانڕەوایان ئەوەش ئامرازێکی کاریگەرە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵی مەدەنی- سیاسی لەولاتدا.

ئالان تۆرین پێی وایە کەخود بریتی‌یە لەژیری‌و ئازادی‌و یادەوەری لەهەمان کاتدا، ئەم سێ رەهەندە وەلامدەرەوەی دوراییەکانی دیموکراسین[26] ئەو وادەبینێ کە پەیوەندی تاك لەگەڵ خۆیدا ئەو پەیوەندیەیەکە (خود) پێك دێنێ کە گرنگترە لەپەیوەندی نێوان تاکەکان خۆیان ئەوەش دیموکراسی دیاری دەکات لەپێش هەرشتێکدا بەو حوکمەی کە بوارێکی دامەزراوەیی‌یە بۆ پارێزگاری لەوتەقەلایانە کە تاکەکان‌و کۆمەڵەکان دەیدەن لەپێناوی پێگەیاندن‌و دانپیانانیان وەك خود[27].

ئالان تۆرین پێی وایە کە زات (خود) سێ رەگەز پێکی دەهێنن کەبریتین لە یەکەم: بەرگریکردنە لەزاڵ بوون، دووەم خۆشەویستی خود کەبەهۆیەوە تاك ئازادی خۆی دەردەخات

---

[26] ئالان تورين، ماهي الديموقراطية، حكم الأكثرية أم ضمانات الأقلية، ترجمة حسن القبيسي، الطبعة الثانية ٢٠٠١، دار الساقي، ص١٦٧.

[27] هەمان سەرچاوە ل١٦٦.

بەو ئیعتیبارەی مەرجێکی سەرەکی‌یە بۆ بەختەوەری خۆیی‌و ناوەندێکە بۆ ژیانی خۆیی، سێ‌یەمیشیان دانپیانانە بەئەوانی دیکە وەك خودو پاش ئەوە پشتگیریکردنی ئەو بنەما سیاسی‌و یاسایی‌یانەیە کە بوار دەرەخسێنن بۆ ژمارەیەکی گەورە لەخەڵك تا بتوانن هەڵبکەن‌و بژین وەك خود[28].

کەوابێ زات ئەو سەرەتایەیە کە دەبێتە کرۆکی کۆمەڵ چونکە مادام کۆمەڵێکی ژیرو هۆشیار ئەوانەن کەتاکەکانی ژیرو هۆشیارن ئەوا تاك ئەو چرکەساتە دەبێتە تاکێکی ئەکتیڤ، کە لەزاتی خۆیدا پەیوەندی‌یەك لەنێوان خودی خۆیدا پەیدا دەکات کەبنەماکەی وەلاوەنانی خۆپەرستی‌و خۆئامادەکردنیەتی بۆئەوەی لەخۆی بگات وەك ژیری‌و توانست (ئیرادە). تاك لەخودی خۆیدا لەچەند ئەنگیزەیەك پێك هاتوە دەبێ ئەو ئەنگیزانە رسکابن‌و ئامادەکرابن بەچەشنێ کە ئەوانەی پەیوەندیان بە خۆپەرستی‌و ناعەدالەتی هەیە لەقاڵب درابن یان راستتر بڵێین سڕکرابن‌و ئەو ئەنگیزانەی کە رۆڵی ئەکتیڤ دەبینن لەچاکسازی‌و دەرخستنی روکەشی خود دا پێهەلابرێن. ئاوا تاك دەتوانێ وەك زاتێکی بێ گەردو کارا بێتە مەیدانەوە تا ئەو

---

[28] هەمان سەرچاوە ١٦٦٦.

پەیوەندی‌یە بڕسکێنێ لەنێوان خۆیی‌و ئەوانەی تری وەك خۆیدا کە دەتوانن پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوی پتەو پەیدابکەن کە دەسەڵاتێکی هاوچەرخ‌و خۆشگوزەرانی بۆ وڵات لێ بەرهەم بهێنرێ.

**دووەم: پیادەکردنی دیموکراسی لەسەربنەمای هاووڵاتیبوون**

دەسەڵاتی دیموکراسی بەتەنها بریتی نیە لەئیرادەی تایەفەیەك، زمانێك یان چینێکی دیاری کراو بەڵکو ئیرادەی دەسەڵات لەسیستمی دیموکراسی‌دا ئیرادەی خەڵکە، کە لەسەربنەمای هاووڵاتیبوون لەوڵاتێکدا پێکەوە دەژین.

عەبدولئیلا بلقزیز دەڵێ: دوای ئەوەی کە سیستمێکی سیاسی کراوە دادەمەزرێ ئەوا هاووڵاتیبوون بریتی دەبێ لەشوناسی سیاسی کە تاکی کۆمەڵایەتی بەدەستی دێنێ لەسایەی ئەو سیستمە سیاسیە کراوەدا کەدان دەنێ بەهەموو مافەکانی لەبەردەم قەوارەیەکی کۆمەڵی سیاسی‌دا=(دەوڵەت) و پابەندێتی‌یە مادی‌یە راستەوخۆکانی بەتۆپزی بەسەردا دەسەپێ. هەروەك بلقزیز رونی دەکاتەوە کە هاووڵاتیبوون لەو سۆنگەیەوە لەپەیوەندی‌یەکی سیاسی رەمزی‌و مادی پێك دێت کە پەیوەندی‌یەکی یەکسانن لەماف‌و ئەرکەکاندا بەرامبەر بەدەوڵەت بەچاو پۆشین لەو جیاوازی‌یەی لەبواری ئابوری‌و کۆمەڵایەتیدا پەیدا دەبێ یان لەئاکامی پەیوەندی‌و ئینتیمای کەلتوری‌و دەمارگیری یان هەر پەیوەندیەك کە لەوچەشنە دروست دەبێ[29].

لەڕاستی‌دا هاووڵاتی ئەرك‌و مافەکانی بەپێی یاسا کارپێکراوو، رەچاوکراوەکانی وڵات بۆ دیاری دەکرێ، جا هاووڵاتیان سەربە هەر نەژادێك، تایەفەیەك یان ئاینێکی دیاری کراوبن. مەرجی سەرکەوتنی سیستمی سیاسی لەوەدایە کە بەشێوەیەکی یەکسان لەڕوی کارپێکردنی یاساوە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی بکات.

لەو سۆنگەیەوە سیستمی دیموکراسی کاتێ ناوەڕۆکەکەی خۆی دەخاتە روو کە لەپیادەکردن‌و سەلماندنی مافی هاووڵاتیاندا جیاوازی نەکرێت. بەمانای ئەوەی مەرجی بەشداری هاووڵاتیان لەپەیوەندی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتدا بۆ بنەمای ئینتیما بۆ نیشتمان بگەڕێتەوە نەك ئینتیما بۆ نەتەوەیەك یان چینێك یان مەزهەبێکی دیاری‌کراو. هەڵبەت دەسەڵات دەبێ هێزو توانای خۆی لەهەموو پێکهاتەکانی

---

[29] عبدالاله بلقزيز، في الديموقراطية والمجتمع المدنی، مراثـي الواقـع، مدائح الأسطورة، افريقيا الشرق، ٢٠٠١، ص ٦٢-٦٣.

کۆمەڵ وەربگرێت. ئەگەر دەسەڵات پشت ببەستێ بەچینێك یان تایەفە یان نەتەوەیەکی دیاری کراو ئەوە مانای وایە کە دەسەڵات بریتی‌یە لەئیرادەی ئەو تایەفەیە یان نەتەوەیە.

پیادەکردنی دیموکراسی پشت بەپرۆسەی دەنگدان دەبەستێ بۆ دیاری کردنی نوێنەران. پرۆسەی دەنگدانیش لەپانتایی‌یە کۆمەڵایەتیەکەی کۆمەڵدا پەیڕەو دەکرێت. جۆرج تەرابیشی پێی وایە کەتاك بەو سیفەتە دەنگ نادا کە ئینتیمای بۆ ئەتنیکێك یان تایەفەیەك هەبێ بەڵکو تەنها بەسیفەتی هاووڵاتیبوون دەنگ دەدات[٣٠]، بێگومان دەنگدان وەك چۆن مافێکە هاووڵاتی بەدەستی دێنێ بەهەمان شێوە ئەرکێکە (التزام) رای دەپەڕێنێ، بەدەست هێنانی مافی دەنگدان بۆئەوەیە کە هاووڵاتیان ئیرادەیان لەڕێگەی پرۆسەی دەنگدانەوە یەك دەخەن بەمەش دەسەڵاتێك دروست دەکەن کە دەربڕی ئیرادەی هەموانە. ئەرکی دەنگدانیش ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەریانە سیفەتی ئینتیما بۆ نیشتمان لەڕێگەی دەنگدانەوە دوپات بکەنەوە بۆئەوەی بەشداربن لەوئەرکانەی کە نیشتیمانیبوون بەسەریاندا دەسەپێنێ ئەویش

[٣٠] جۆرج ترابیشی، هەمان سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە ٢٣.

دروست کردنی ئەو دەسەڵاتەیە کە دامەزراوەکان بەڕێوەدەبات‌و پارێزگاری لەبەرژەوەندی‌یەکانی خاك‌و هاووڵاتیەکانی دەکات.

کاتێکیش دەتوانێ ئەوە بسەلمێ کەدەسەڵات ئیرادەی سەرجەم هاووڵاتیانە کەمافی پێکهاتە ئەتنیکی‌یەکانی کۆمەڵ وەك یەك بسەلمێنێ‌و پارێزگاری بکات لەبەرژەوەندی‌یەکانی هەریەکەیان. بەمانای ئەوەی نابێ دەسەڵات جیاوازی بکات لەنێوان مافە سیاسی‌و مەدەنیەکانی هاووڵاتیان یان بەرژەوەندی سیاسی نەتەوەیەك بخاتە سەرو بەرژەوەندی سیاسی یان کەلتوری نەتەوەیەکی ترەوە.

جۆرج تەرابیشی دەڵێ: زۆرینە لەدیموکراسی‌دا گوتەیەکی ئاسۆیی‌یە نەك ستونی هەموو ئەوانەی پەیوەستن بەشوناسەوە ستونین، جا ئەو شوناسە پەیوەندی هەبێت بەهەر ئاینێك، تایەفەیەك یان ئەتنیکێك یا حزبێکی داخراوەوە. بەڵام ئاسۆیی ئەوەیە کە ئەو قەوارە، جێگیرو بەردەوامانە دەبەزێنێ‌و دەتوانێ لەڕێگەی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی یان حزبە سیاسیەکان یان سەندیکاکان‌و هتد نوێنەرایەتی بکات[٣١].

[٣١] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٠-١١.

رتوش کردنی دیموکراسی بەپرۆسەی دەنگدانو فەرامۆشکردنی ئەومافانەی کە بەدوای مافی دەنگداندا دێن دیموکراسی دەشێوێنێ بەومانایەی دەبێ هاوولاتیان وەك یەك مافی کەلتوری، ئابوری، سیاسیو مافی ڕێکخراوبوونیان وەك یەك بێو زمانی قسەکردنو گوتاری دەوڵەت گوتاری ئەتنیکێك یان مەزهەبێك یان چینێکی دیاری کراو نەبێت کە گەیوەتە پێگەکانی دەسەلاتەوە.

چونکە ئەوە مانای ستونی بونی دیموکراسی دەگەیەنێ لەپیادەکردندا، ئەمەش بەرای تەرابیشی لەدەست دانی زۆرینەیەو کارکردنە بەئیرادەی کەمایەتی. کارکردنیش بەئیرادەی کەمایەتی مانای کاڵ بوونەوەی گەوهەری دیموکراسی دەگەیەنێ.

بەلام لەشێوە ئاسۆییەکەیدا، دیموکراسی بۆیە دەبێتە ئیرادەی زۆرینە، چونکە دەسەلات جیاوازی ناکات لەنێوان تایەفەو نەتەوەو ئاینە جیاوازەکاندا. دامەزراوەکان جێگەی هەر کەلتور یان بیروباوەڕێك دەگرنەوە کە بەزۆرینە بەدەستی دێنن. ئەو زۆرینەیەش لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون بەدەست هاتوە نەك لەسەربنەمای تایەفە یان نەتەوەگەریو هتد.

نوێنەرایەتی لەلوبناندا نوێنەرایەتی تایەفەیە نەك حزبی زۆرینە لەلوبنان ژمارەی ئاماری تایەفەیەکە. جاران زۆرینە، مەسیحی مارۆنی بوو ئێستا زۆرینە شیعەیە.

جاران کەمایەتی سپی پێست لەئەفریقیای باشور حوکمی دەکردو ئێستا زۆرینەیە بەلام زۆرینەکە، لەسەر بنەمای تایەفەی رەش پێستە* نەك لەسەربنەمای هاوولاتیبوون بەمانایەکی دیکە ئەگەر دیموکراسی لەسەر شێوەی ئاسۆییەکەی پیادەبکرێ ئەوا هاوولاتیان دەبنە ئامرازی وەرچەرخانی دیموکراسیو لەوەوە دیموکراسی بنەماکانی خۆی رەنگ ڕێژ دەکات.

پیادەکردنی دیموکراسی لەتورکیا مانایەکی بەرتەسك بەچەمکی هاوولاتیبوون دەبەخشێ، لەبەرئەوەی هاوولاتیانی تورکیا تا ئەوجێیە هاومافن کەپرۆسەی دەنگدان بەئەنجام دەگات بەلام لەدوڕیانێکدا لێك جیادەبنەوە. ئەو دوڕیانەش ئەو ئامانجانەن کە پرۆسەی دەنگدان بەرهەمی دەهێنێ. دەنگدان پرۆسەیەك ئاراستە دەکات کە خزمەت بە فەرهەنگو نەخشی سیاسی ئەتنیکێکی دیاری کراو دەکات کە نەتەوەی

---

* بۆزانیاری زیاتر بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١١-١٢.

تورکە. هەموو مافێکی دیموکراسی بۆ هاوولاتیانی تورک ڕەوایە هەرلەمافی ڕێکخراو بوونو بەپیرۆزگرتنی پانتوراتیزمو گەشەپێدانی ناوچەی تورک نشینو هەموو نارەزاییەکی سیاسی. بەلام بۆ هاوولاتیانی کورد نەک هەر ئەو مافانە نین بەلکو لەرەهەندی بەشداری پرۆسەی دەنگداندا هاوولاتیبوون جێگایەک بۆ خزمەتی کەلتوری کوردان ناهێلێتەوە تەنانەت نوێنەرانی کورد بەزەحمەت دەگەنە ناوپەرلەمان ئەگەر بشگەن بەپەرلەمان، ئاکامەکەی لەناو هێنانی ووشەی کوردیش بێ بەش دەبن. بەلام لەو ولاتانەی کەبەکردەوە مانای دیموکراسیو پیادەکردنەکەی دەچێتە ناخی خۆیەوە دیموکراسی بەباری ئاسۆییدا مومارەسە دەکرێو خزمەت کردن بەنیشتمانو لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی هەمووان مەرجی هاوولاتیبوون دەردەخاتو خزمەتکردن لەسێبەری پرۆسەی هەلبژاردندا هەرتاکەو بەرەگەز، چین یان تایەفەکەی خۆی مەرجێکی پێشینەی بەشداری کردنە لەبەهاوولاتیبوونی تاکی ئەو دەولەتانەدا.

بەشی سێیەم:

## کاریگەری دیموکراسی

هەرسیستمێکی ، ـەکاتی وەرچەرخاندا بۆ دیموکراسی لەڕوی سیاسی فەرهەنگی، ئابوریو کۆمەڵایەتییەوە دەستکەوتی بەرچاو بۆجەماوەر دەستەبەر دەکات بەڵام ئەوەی کە مەبەستمانە لێرەدا ئەودوو کاریگەرییە سیاسیەیە کە سیستمی دیموکراسی لەپانتاییی‌یە کۆمەڵایەتیەکەدا پەیدای دەکات کە ئەمانەن:-

١-بڕیاری سیاسی.

٢-سەقامگیری سیاسی.

یەکەم: بڕیاری سیاسی:

لەڕاستی‌دا گرەنتی بەردەوامی سیستمی دیموکراسی لەوەدایە کە پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵ لەڕێگەی دامەزراوە مەدەنیو سیاسی‌یەکانەوە لەگەڵ خۆیدا گرێ دەدات بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە. بەمانای ئەوەی ڕەزامەندی، ڕەگەزێکی بنچینەیی پێك دێنی لەدروست کردنی پەیوەندی نێوان خەڵكو دەسەڵاتدا. وەختێك ڕەزامەندی خەڵك دەخەملێ کە فەرمانڕەوایان لەڕێگەی پرۆسەی دەنگدانەوە، متمانەی

**خەڵك بەدەست دێنن‌و دوابەدوای ئەوە نوێنەران هەڵوێست‌و بڕیارەکانیان لەناوەندە جەماوەری‌یەکانیانەوە پاراو دەکرێ. چونکە زیندوویی سیستمی دیموکراسی لەوەدایە کە پەیوەندی خەڵك‌و دەسەڵات بەردەوامیەك دروست دەکات ئەو بەردەوامیە بنەمایەکەی بۆدو مەسەلەی بنچینەیی دەگەڕێتەوە کە یەکەمیان چاودێری بەردەوامی خەڵکە بەسەر نوێنەرەکانیانەوە دوەمیشیان گوێگرتن‌و کارکردنی نوێنەرانە بەپێی ئامانج‌و داخوازی‌یەکانی خەڵك.**

**چاودێری خەڵك‌و کارکردنی نوێنەران بەئاقاری وسیتەکانی خەڵکدا لەچۆنێتی دەرکردنی بڕیارە سیاسیەکاندا بەدەردەکەون.**

**بڕیاری سیاسی لەدەوڵەتی سیستم دیموکراسی‌دا جیاوازی‌یەکی زۆری هەیە لەگەڵ سیستمە جیاوازەکانی تردا. چونکە کە دەگوترێ دیموکراسی گواستنەوەو حەواڵە کردنی ئیرادەی خەڵکە بۆناو دەسەڵات، ئەوە لەبڕیاری سیاسی‌دا بەدەردەکەوێ چونکە بڕیاری سیاسی ئەوکاتە لێپرسراوێتی‌و رەنگدانەوەکەشی بۆهەموو خەڵکە کە خەڵك بەشداری دەکەن لەدەرکردنی بڕیاری سیاسیدا.**

**ئیستۆن پێی وایە:[٣٢] بڕیاری سیاسی بەچەند هەنگاوێکدا دەڕوات، کە کرۆکی پەیوەندی نێوان جەماوەرو دەسەڵات پێك دێنێ. هەنگاوی یەکەم بەلای ئیستون بریتی‌یە لەقۆناغی (inputs)و قۆناغی دوەم بریتی‌یە لە (outputes)، بەمانای ئەوەی کە ئەوانە دورەگەزی بنچینەیین بۆهەر سیستمێکی سیاسی.**

**لەڕاستی‌دا ئیستون کەباس لەچۆنێتی دەرکردنی بڕیارەکان دەکات لەڕێگەی (inputes) تادەگاتە (outputes) بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی لەوەیە کەهەر سیستمێکی سیاسی ئەگەر بیەوێ دامەزراوەکانی بەئەرکە نیشتمانیەکان هەڵبستن‌و لەدواجاردا بەتۆکمەیی پایەکانی خۆی راگیر بکات دەبێ ئاوا پەیوەندی خەڵك‌و دەسەڵات بەرجەستە بکات. بەڵام ئەوەی دەبێ کە ئیستۆن باسی دەکات کتومت دەوڵەتی سیستم دیموکراسی دەگرێتەوە کە تیایدا توانستی تاکەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا کە بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات‌و دەگاتە**

[٣٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فیلیب برو، علم الأجتماع السیاسی. ترجمة، د. محمد عرب صاصیلا، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، الطبعة الأولی، بیروت، ١٩٩٩، ص ١٤٣-١٤٥.

دەسەڵات، لەدواجاردا والەدەسەڵات دەکەن کە گوزارشت لەوان بکات.

قۆناغی (input) بەرای ئیستون ئەوەیە کەهەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەدەرەوە، سیستمی سیاسی پێی دەدرێ جا دەبێتە هۆی خراپ بونی یان راستکردنەوە یان بەهەر رێگەیەك بێ کار لەسیستمی سیاسی دەکات ئەمانەش بەرای ئیستون بەدو شێوە ئەنجام دەدرێن کە یەکەمیان بریتین لەداواکاریەکانو دوەمیشیان پشتگیریەکانن.

داواکاریەکان، بەرای ئیستون بریتین لەوداخوازیانەی کەرو لەسیستمی سیاسی دەکەن. بەمانایەکی تر روو لەوانە دەکەن کە لەدەسەڵاتدان ئەوەش رەنگە بەمانگرتن یان خۆپیشاندان بکرێن[٣٣].

پشتگیریەکانیش[٣٤] کۆمەڵێك حزب یان سەندیکان کە پشتگیری ئەو داواکاریانە دەکەنو تەتەڵەیان دەکەن. ئنجا دەخرێنە بەردەم سیستمی سیاسی.

٣٣ هەمان سەرچاوە ل١٤٣.

٣٤ هەمان سەرچاوە ل١٤٤.

قۆناغی دوەمیش بریتی‌یە لە (output– مخرجات)" ئەمانە بڕیارو راسپاردە دەرچوەکانن کە لەدەسەڵاتەوە دەردەچن جا چ لەشێوەی بڕیار یان لەرێگەی راسپاردەکانەوەن[٣٥].

لەسیستمی دیموکراسی‌دا جۆرە جیاوازەکان حزبو رێکخراوو سەندیکاکان دروست دەکەنو دەیانکەن بەئامرازێك بۆ گەیشتن بەئامانجە کانیان، ئامانجەکانیشیان هەمەچەشنەن، بەو پێودانگە داواکاریەکانیشیان جۆراوجۆرن، بەردەوام لەگۆڕانو نوێ بوونەوەدان. بەردەوام بوونی دەسەڵاتیش بەوە دەبێ کە بەردەوام گوێ لەداخوازیو پێویستی‌یەکانی جەماوەر بگرێ، ئەمەش ئەو پاڵپشتیە دەهێڵێتەوە کە جەماوەر لەیەکەم چرکەساتی دەنگداندا دەیداتە نوێنەرانی خۆی.

هەروەك چۆن جەماوەر بۆ دابین کردنی ئامانجەکانیان روو لەدەسەڵات دەکەن بەو جۆرەی ئیستون باسی لێوە دەکات، تا دەسەڵات بڕیار بدات لەسەر دابین کردنی ئەو ئامانجانە. ئاوهاش دەسەڵات لەرووبەڕووبونەوەی پێشهاتەکاندا رولەجەماوەر دەکات بۆئەوەی لەهەڵوێستو بڕیارە سیاسی‌یەکانی خۆیدا لەبەرامبەر ئەو پێشهاتو دیاردانەدا کە

٣٥ هەمان سەرچاوە ل١٤٥.

دەبنە ئەرك بەسەر دەسەڵاتەوە ئیرادەی خەڵك یان راستر بڵێین متمانەی خەڵك بەدەست بهێنێ. کە ئەوە لەخۆیدا هەم تەبایی لەنێوان خەڵكو دەسەڵاتدا پەیدا دەکاتو هەم سیستەمی دیموکراسیش دەپارێزێ.

**دووەم: دیموکراسیو سەقامگیری سیاسی**

پیادەکردنی دیموکراسی لەوجێگەیە ماناکانی خۆی تەواو دەکات کە لەبوارە سیاسی. ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانەوە سەقامگیرییەك لەکۆمەڵدا پەیدا دەکات. بەمانای ئەوەی دیموکراسی دەرفەتێك بۆ تاوتوێ کردنی هەموو ئەو دیاردانە دەرەخسێنێ، کە لەواقیعە کۆمەڵایەتیەکەدا ناسەقامگیری دەنێنەوەو هەوڵێك بۆ بەشێنەیی چارەسەرکردنیان پێك دێنێ. ئەگەر دیموکراسیو وەرچەرخانی دیموکراسی ببێتە پرۆسەیەکی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو ئابوری ئەوا کۆمەڵ پەنا بۆ ئامرازەکانی تر نابات، تابگاتە ئەو ئامانجانەی کە بۆیان تێدەکۆشێ.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی مافە دیموکراسیەکانی هاوولاتیانی خۆی نەسەلمێنێ. ئەوا کۆمەڵ خاوبوونەوەیەك بەخۆوە دەبینێ کە لەسەرجەم بوارە سیاسیو مەدەنیو کۆمەڵایەتیەکان دوای دەخاتو لەدواجاردا کۆمەڵ بەچەند ئامرازێك کاردەکات بۆ گۆڕانی دەسەڵاتو ئەو واقیعەی بەسەریدا سەپاوە. یەکێك لەو ئامرازانەش شۆڕشە. ئەگەرچی سەرچاوەی شۆڕش لەناو داخوازیو قولایی خەڵك هەڵقولابێ ئامانجەکەی وەرچەرخانێکە، لەکۆمەڵدا بەدی دێنێ. بەڵام مەرج نیە ئەم وەرچەرخانە سەقامگیری سیاسی لێ بکەوێتەوە چونکە مەرج نیە سەرکەوتنی شۆڕش، ببێتە هۆی دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی لەوڵاتدا.

جۆرج تەرابیشی پێی وایە کە شۆڕش دیموکراسی لەخۆی دووردەخاتەوە، بەو ئەندازەیەی کە دیموکراسی، شۆڕش لەخۆی دووردەخاتەوە[٣٦]. ئەگەر شۆڕش دەرەنجامەکەی دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی بێ ئەوا سەقامگیری لەکۆمەڵدا مسۆگەر دەکات. بەڵام بێ ئەو دەرەنجامە زەرەر لەکۆمەڵ دەداتو خەباتو تێکۆشان بەرەو خاڵی سفر دەباتەوە.

هەروەك تەرابیشی دەڵێ: لەگەڵ ئەوەدا دیموکراسی کاربۆ پاراستنی ئەو دامەزراوانە دەکات کە هەن، بەڵام لەبیروباوەڕو میکانیزمی کارکردنیدا، دیموکراسی لۆژیکی دابڕانو رەتکردنەوەو وەلاوەنان لەخۆی دووردەخاتەوە. کەچی شۆڕش ئەوەی کە لەپێشەوەدا کاری بۆ دەکات ئەوەیە کە هێزەکانی

---

[٣٦] جۆرج تەرابیشی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٢.

**دژی خۆی دوردەخاتەوەو دەیانگرێو نایانهێڵێ[37]. کۆمەڵ هەربە تەنها لەو خەڵکانە پێك نایەت کە بەشداری دەکەن لەهەڵگیرساندنی شۆڕشدا ئەگەر شۆڕش زۆربەی خەڵکیش بێ. بۆیە کاتێك شۆڕش مافی کەمایەتی وەلاوەبنێ ئەوە هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیری لەوڵاتدا. چونکە لەدیموکراسیدا زۆرینەو کەمینە لەدەسەڵاتدا لێك جیا هیچ شۆڕشێك ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ بەبێ بەکارهێنانی جۆرێك لەتوندوتیژی. بۆیە عبدوڵلا بلقزیز کەباس لەشێوازەکانی دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا دەکات چ لەشێوەی شۆڕشی گەلدا بێت لەشاردا وەك لەئێرانو روسیا یان شۆڕشی رزگاری وەك لەچینو ڤێتنام دا یان بەشێوەی کۆدیتا بێت. لەبەرامبەردا باس لەشێوازی دەنگدانی گشتی دەکات (أقتراع عام) کە لەزۆربەی وڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپادا هەیە، جیاوازی زۆر دەبینی لەنێوانیاندا. کە پێی وایە ئەو هێزەی کە بەهۆی شۆڕشەوە دروست دەبێت بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا رەواییەکەی لە (توندوتیژییەوە) سەرچاوە**

[37] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٠.

**دەگرێ، بەڵام شێوازی دەنگدانی گشتی رەوایییەکی لەدیموکراسی دایە[38].**

**بەلقەزیز پێی وایە کە گرتنە دەستی دەسەڵات بەشێوەی بەشداری سیاسی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە دابەشکردنی دەسەڵات ناگەیەنێ بەڵکو بەشدارییە لەژیانی سیاسیو نوێنەرایەتیو بەشدارییە لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دەوڵەتدا کەخۆی لەحکومەتدا دەبینێتەوە ئەوەش پەیوەستە بەرادەیەکی زۆر لەکارکردن بەپێی کەلتورێکی سیاسی تازە کەپێویستە، بۆ سەقامگیری سیستمی سیاسی[39].**

**گرتنە دەستی دەسەڵات بەهەرکام لەو ئامرازانەی کە سیمای ژیانی دیموکراسین، ئاشتییەك لەنێوان فرە جیاوازەکاندا دروست دەکات بەمانای ئەوەی توندوتیژیو رەتکردنەوەی رەهاو نەسەلماندنی مافەکان لەو ئامرازانەدا بوونیان نیە. کە وابێ کۆمەڵ، بەئامرازەکانی دیموکراسی بۆ**

[38] عبدالالة بلقزيز، أزمة المعارضة السياسية في الوطن العربى، ص١٥، کەبەشێکە لەکتێبی، المعارضة والسلطة في الوطن العربي، عبدالالة بلقزيز وهي تريش؟ مركز دارسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت. ٢٠٠١.

[39] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٦.

گرتنە دەستی دەسەڵات سەقامگیر دەبێ. بەپێچەوانەوە دورکەوتنەوە لەئامرازەکانی دیموکراسیو بەکارهێنانی شێوازو ئامرازەکانی شۆڕش کۆمەڵ هەراسان دەکاتو گوزەرانی خەڵك دەشڵەژێ. هەربۆیە بەڵقەزیز وادەبینێ کە بەشداری سیاسی لەگرتنە دەستی دەسەڵاتدا، هەروەك چۆن ئامادەیی ئۆپۆزیسیۆنە بۆبەشداری سیاسی بەو ئەندازەیە ئامادەیی دەسەڵاتیش دەگەیەنێ بۆ پەرەسەندنی ئاستی وەلام دانەوەی خۆی بۆئەو بەشدارییە کەئەوە هەربە تەنها نوێنەرایەتی ناگەیەنێ بەڵکو دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتیشی پێوەیە[٤٠].

پیادەنەکردنی پرنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات جگەلەوەی دیموکراسی لەگۆڕدەنێو لەواتای راستەقینەی خۆی دوری دەخاتەوە. بەدیوێکی دیکەدا دەبێتە هۆی نانەوەی پشێویو ئاژاوە لەجیاتی پێکەوە هەڵکردنی ئاشتیانەی جیاوازییەکانو لەجیاتی کارکردن بەرەگەزی زۆرینەو کەمینە، ململانێو ئاژاوە تووشی لایەنە جیاوازەکان دێو وڵات پتر دەشێوێ. دەستاو دەست کردنی دەسەڵات هاوشانی ئەوەی کارکردنە بە بنچینەی زۆرینەو کەمینە، رێ دەگرێ

[٤٠] هەمان سەرچاوە هەمان لاپەڕە ١٦.

لەهەرسیاسەتێکی نادیموکراسیانە کە بیەوێ دەسەڵاتی تاکڕەوی یان دکتاتۆری یان تۆتالیتار درێژە پێ بدات.

لەڕاستیدا دەسەڵاتی تاکڕەوی یان تۆتالیتار جگەلەوەی مافی زۆرینە وەلاوەدەنێ بەو ئەندازەیەش نەك چارەسەری کێشەی کەمینەکان ناکات جا چ کێشەی مەزهەبی بێت یان ئەتنیکی. بەڵکو سیاسەتی داپڵۆسێنەرانە بەسەریاندا پەیڕەو دەکاتو لەهەموو مافە مەدەنیو سیاسیەکان بێ بەشیان دەکات. لەکاتێکدا یەکێك لەو بنچینە گرنگانەی کەڕەوایی دەدات بەدیموکراسی سەلماندنی مافی کەمینە جیاوازەکانە. هیچ وڵاتێکیش سەقامگیری سیاسی بەخۆوە نابینێ ئەگەر کێشەی کەمینەکان بەشێوەیەکی دیموکراسیانە چارەسەر نەکات بەمانای ئەوەی پایەیەکی تر بۆئەوەی دیموکراسی سەقامگیری سیاسی دەستەبەر بکات سەلماندنی مافی کەمینەکانە.

دیموکراسی لەپێشدا ئافەروز کردنی دەسەڵاتی تاکڕەوییە چونکە دەسەڵاتی تاکەکەسی، دکتاتۆری بەرهەم دەهێنێ. دکتاتۆریش شێوازی جیاجیای زۆرداریو چەوساندنەوە پیادە دەکات بۆ بەردەوام بونی خۆی، د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام دەڵێ دکتاتۆر بەچەند شێوەیەك هەوڵدەدا پارێزگاری لەخۆی بکات. لەوانە مراندنی گیانی هاووڵاتیانو چاندنی دوبەرەکیو گومانو نەهێشتنی متمانە لەنێوانیاندا. رێگرتن

لەفێربوونو دەستە جەمعیو دانانی جاسوس بەسەر هاوولاتیانەوەو نانەوەی ناکۆکی لەنێوان هاوولاتیانو هەژار کردنیانو... هتد[٤١].

پیادەکردنی سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی تاکگەرایی، کۆمەڵ توشی لێك دابڕان دەکات بەجۆرێك رێ دەگرێ لەهەر ئەرکێکی نیشتمانی کە هاوولاتیان لەسەریانەو رایبپەڕێننو هەموو ئەو مافانە زەوت دەکات کە مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا لەگەڵی هاتون هەرئەوەشە سەرچاوەی لەگرێژەنەچونی کۆمەڵو دورکەوتنەوە لەسەقامگیری سیاسی.

د. کامەران سالحی پێیوایە کە دکتاتۆری تۆتالیتار بەزۆرداریو حوکمی تۆتالیتاری لە ژیانی تاكو کۆمەڵدا دەناسرێتەوە کاتێ هیچ وجودێك بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دانانێت، بەڵکو بەدەسەلاتەکەیەوە گرێی دەدات کە تیایدا، خێزان، بازاڕ، مزگەوت، سەندیکا، یانەو کۆمەڵە رێکخراوە سیاسیەکان دەخاتەژێر رکێفی خۆیەوەو رۆڵی تاك لەبەین دەباتو لێبوردنو پلورالیزمی سیاسیو کەلتوری سەرکوت دەکات.[٤٢]

دیموکراسی بۆ ئەوەی سەقامگیری سیاسی بەرهەم بهێنێ پێویستە لەڕوی ئابوریشەوە ئەو بازاڕە بخولقێنێ کە ئابوری بازاڕ سەقامگیر بکات، بۆ ئەوەی دیموکراسی لەهەردوڕوی سیاسیو ئابوری گوزارشت لەخۆی بکات.

جۆرج تەرابیشی پێیوایە کە ئابوری بازاڕ لەگەڵ دیموکراسی، هەم لەیەك دەچنو هەم بەبێ یەکتری نابن کاتێ دەڵێ: لەبازاڕدا پێویستە پلەی تۆپزی (درجه الاكراه) سفربێ. بەنموونە کڕیار زۆری لێ ناکرێ تاشمەك بەکاربهێنێ یان بیکڕێ. بەرهەم هێن یان فرۆشیار هەر جۆرە زۆرەملێیەکی لێ بکات ناتوانێ قەناعەتی پێ بکات بەکڕینی کالاّ یان شمەکەکە مەگەر بە (اغراو) هەڵنان بێ. دەڵێ: هەروەك چۆن لەئابوری بازاڕدا گرفتی ناوەندی فرۆشتن، سەرفکردنە هەربۆیە ئەو ئابورییە لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەوەستێ کەبەهۆی بەهای رێپێدان (التسامح)و ئازادی دەستاو

---

[٤١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. إمام عبدالفتاح إمام، الطاغية، الناشر، مكتبة مدبولي، الطبعة الثالثة، ١٩٩٧، لاپەڕە ١٧٨-١٨١.

[٤٢] بڕوانە کتێبی د. کامران الصالحي، الديمقراطية والمجتمع المدني، دراسة تحليلة سياسية، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، ص ١٥-١٦.

دەستکردنەوە دەبێ، هەربەو ئەندازەیەش لۆژیکی ڕێپێدان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەخولقاندنی کەشێکی گونجاو بۆ دیموکراسی لیبرالی‌و لای تەرابیشی پروپاگەندە بۆ کاڵاو شمەك یەکسانە بە پروپاگەندە بۆ بەرنامەی سیاسی پاڵێوراوان. هەروەك چۆن دەنگدەر ئازادە لە هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکەی ئاوهاش کڕیار ئازادە لەکڕینی شمەك‌و سەربەستی لەدەستاودەستکردنی شمەك دەکاتە سەربەستی لەدەستاودەستکردنی دەسەڵات.[٤٣]

هەر بۆیە هەرتێك چونێك لەبازاڕدا کاردەکاتە سەر هەریەك لەبەرهەم هێن‌و فرۆشیار ئەمەش بۆخۆی شێواندنی بەشێکی گرنگی گوزەران‌و ئابوری کۆمەڵ دەگەیەنێ. هەر کۆمەڵێکیش بازاڕی بشێوێ‌و ناسەقامگیربێ، ئەستەمە بتوانێ کەشی سیاسی تیایدا سەقامگیرببێ.

خاڵێکی تری گرنگ‌و پێویست کە جێی سەرنج‌و بایەخ بێ بۆ سەقامگیری سیاسی بونی هۆشیاری‌یە لەناو تاکەکانی کۆمەڵ دا کەکار لەهەموو بەهاو دیاردەکانی تری ناو کۆمەڵ دەکات‌و زەمینەیەکی لەبار بۆ پیادەکردنی دیموکراسی دەخولقێنێ بۆیە د. کامەران ساڵحی وا دەبینێ کە

[٤٣] جۆرج تەرابیشی، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦٥-٦٦.

پێویستی‌یەکی لەرادەبەدەر هەیە بۆ گێڕانەوەی هۆشیاری‌یەك، کە وەرچەرخانی دیموکراسی پەسەند بکات‌و کاربکات بۆ بەرجەستە کردنی ئەو مەرجانەی کە سەقامگیری‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێ‌و گیانی نیشتمانی‌و ئینتیما دەبوژێنێتەوە. دەبێ دیموکراسی بۆهەموو کۆمەڵ ببێتە ستراتیژێکی تەواو. هەروەها د. کامەران پێی وایە کە یەکەم سەنتەری سیاسی عەقلانیەت خۆی لەبونیاتنانی ئەنگێزەی ئاشتیخوازانەو ژیری‌و گفتوگۆو دانوستانی شارستانی‌و خۆبەدورگرتن لەبەکارهێنانی توندوتیژی‌و توندڕەوی لەلایەن دەسەڵاتەوە دەبینێتەوە[٤٤].

دیموکراسی ڕەنگدانەوەی گفتوگۆی مەدەنی‌و ئاشتیانەی فرە جۆرەکانە، دور لەتوندوتیژی‌و ڕەتکردنەوەی ڕەهای بەرامبەر. بەومانایەی کە فرە جۆرەکان لەجیاتی ڕەتکردنەوە کە ناسەقامگیری دەخولقێنێ یەکتری پەسەند دەکەن لەسەر بنەمایەکی هۆشیاری هەمەلایەنە هەرئەمەشە پتر کۆمەڵ ئارام‌و سەقامگیر دەکات.

لەسیستمی دیموکراسیدا دامەزراوە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان بایەخی خۆیان پەیدا دەکەنەوە کە ئامرازێکی گرنگن بۆ پێکەوە بەستنەوەی خەڵك‌و دەسەڵات هەربۆیە دامەزراوەکان

[٤٤] د. کامەران الصالحی، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٧٥-٧٦.

لەسیستمی دیموکراسیدا دەکرێ بەئامرازێکی گرنگ بۆ سەقامگیری کۆمەڵ وەربگیرێن‌و کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

## بەشی چوارەم

## پرنسیپەکانی دیموکراسی

بۆئەوەی لەدیموکراسی تێبگەینو بۆئەوەی دیموکراسی ببێتە پەناو پێناوی کۆمەڵگای سیاسیو کۆمەڵگای مەدەنی پێکەوە. پێویستە پێشوەخت پرنسیپەکانی دیموکراسی تێبگەین کە جیای دەکەنەوە لەهەر جۆرە دەسەڵاتو سیستمێکی تری فەرمانڕەوایی.

عەبدولئیلاهی بەلقەزیز، لەکتێبی (دەربارەی دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنی)دا بەشێوەیەکی زانستیانە پرنسیپەکانی دیموکراسی خستۆتە ڕوو. ئەگەرچی لێدوان لەو پرنسیپانە لەڕووی شکلییەوە جۆرێك لە(إقتباس) وەرگرتن دەردەخات، بەڵام لەناوەڕۆکدا بەسود وەرگرتن لەتێڕوانینەکانی نوسەری ناوبراو لەوپرنسیپانە دەدوێین کە ئەمانەن[٤٦].

١-پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤ.

٢-پەیڕەوکردنی سیستمی دەستوری بۆپیادەکردنی دەسەڵات.

٣-فرەیی سیاسی لسیاسیە).

٤-سیستمی نۆینە

٥-دەستاودەستکردنی سیاسیو ئاشتیانەی دەسەڵات.

**یەکەم: پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤ**

بێگومان تەوەری سەرەکی دەسەڵات، مرۆڤە، لەو سۆنگەیەوە، گەوهەری مرۆڤیش بریتییە لەپاراستنی مافەکانی. بۆیە هەر چاکسازییەك لەناو دەسەڵاتدا پێوەرەکەی ئەوەیە کە تاچەند دەسەڵات لای کردۆتەوە لەمافە بنچینەیییەکانی مرۆڤ بەمافە مەدەنیو سیاسیەکانەوە.

لەراستیدا هەر دەسەڵاتێك لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژیای پشتی ئەو دەسەڵاتەوە لەمافەکانی مرۆڤ دەڕوانێو بەو ئاقارەشدا مامەڵە دەکاتو پاساوی هەر دەسەڵاتێکیش پشت دەبەستێ بەبیروباوەڕی خۆیەوە.

بەنومونە تێڕوانینی دەسەڵاتی ئایینی بۆمافەکانی مرۆڤ لەو گۆشەنیگایەوە دێت کە مافەکانی خوا دەکەونە پێش مافەکانی مرۆڤەوە. واتە مافەکانی مرۆڤ پاشکۆی

---

[٤٦] - عبدالاله بلقزيز، في الديموقراطية والمجتمع المدني، أفريقيا الشرق، بيروت، ص٦٤-٨٣.

مافەکانی خوایە. مافەکانی خواش لەدەسەڵاتی حاکم دا بەرجەستە دەبن[47]. ئەگەر خەلیفە (حاکم) جێ نیشینی خوابێ، خواش ئەو زاتەبێ کە هەر پێشێل کردنێك لەو مافانە بڤەبێ. کەوابێ پێشێل کردنی مافەکانی (حاکم)یش هەر بڤەیە چونکە لەتێڕوانینی ئایین دا حاکم نوێنەری خوایە لەسەر زەوی: کەوابێ فەرمانڕەوا ناچێتە ژێر باری لێ پرسینەوەوە ئەگەر مافەکانی خەڵکیش پێشێل بکات ئەمەش سەروەری (سیادە)یەك دەبەخشێت بەحاکم، بەمانای ئەوەی هیچ یاسایەك نیە لەحاکم گەورەتر بێت ئەمەش دەسەڵاتێکی رەها دەداتە حاکم بەناوی خواوە لەو سۆنگەیەوە حاکمی ئایینی لەسەر حسابی مافی تاکەکانەوە بەناوی خواوە درێژە بەفەرمانڕەوایی خۆی دەدات.

کاتێك دەسەڵاتی حاکم ببێتە دیاردەیەکی رەها، بێگومان دەبێتە هۆی زەوت کردنو پێشێل کردنی ئەو مافانەی تاکەکان کە لەئەزەلەوە لەگەڵ خۆیدا هاتون. لەڕێبازی مارکسیزم دا بنەمای فەلسەفی بۆ تێگەیشتنو کارکردن بۆ

[47] -هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٦٦.

مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە ئەو مافانە لەناو کۆمەڵگا خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ، لەبەر ئەوەی چینی کرێکار زۆرینەی کۆمەڵگا پێك دێنن. بۆیە پاراستنو دەستەبەربوونی مافی کرێکاران لەم رێبازەدا دەخرێتە پێش مافی چینو توێژەکانی تری کۆمەڵەوە، ئەوە رەت دەکەنەوە کە مرۆڤ لەسروشتەوە مافەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناون[48].

بەڵام لەڕێبازی-لیبرالیزم دا ڕوانین بۆ مافەکانی مرۆڤ پشت بەتێزەکانی قوتابخانەی یاسای سروشتی (مدرسة قانون الطبيعي) دەبەستێ، کەپێی وایە، تاك تەوەری بنچینەیی یە لەهەموو هاوکێشەکاندا، لەو سۆنگەیەوە لایەنگرانی ئەم رێبازە لەسەر ئەوە کۆکن کە مرۆڤ مافی خۆیەتی دەبێ سەرجەم مافو ئازادیی یە سیاسی، ئابوری، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیەکانی بەدەست. بهێنێ کە ئەوانەش لەبنەچەدا (في الأصل) مرۆڤ لەیاسای سروشتییەوە پێی دراون[49]. نەسەلماندنی مافەکانی هاووڵاتیان لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە کەلێنی نێوان بەرژەوەندیەکانی خەڵك لەگەڵ

[48] -د. كامران الصالحي، حقوق الأنسان والمجتمع المدني بين النظرية والتطبيق، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، اربيل، ص٥١.

[49] -هەمان سەرچاوە ل٤٧.

دەسەڵاتدا فراوانە، بەو مانایەی کە پەیوەندی لەنێوان فەرمانڕەوایانو خەڵکیدا پەیوەندییەکە ئیرادە بەیەکەوەی نەبەستون. لەو سۆنگەیەوە مامەڵەی یان هەڵوێستو سیاسەتەکانی فەرمانڕەوایان لەهەردو ئاستەکانی دەرەوەو ناوەوەدا دەربڕی ئیرادەیەکی یەکگرتوی ناوخۆ نابێت. بۆیە دەبینین کە هەر شڵەژانو شەڕو شۆڕێك لەنێوان دەوڵەتاندا دروست بووبێت هۆی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بڕیاری سیاسی دەسەڵات داران لەپەیوەندی نێو دەوڵەتاندا دور بووە لەئیرادەی خەڵك، چونکە هاوولاتیان بێبەشکراون لەو مافانەی کەڕێ دەدات بەشداربن لەهەر بڕیارێکدا کە چارەنوسی ولاتەکەی پێوە بەندە.

ئالان تۆرین پێی وایە کە گەل راستەوخۆ حوکم ناکات بەڵکو ئەوانە حوکم دەکەن کەبەناوی گەلەوە دەدوێن، دەوڵەتیش لەبەرامبەری ئەوەدا هەر ئەوەندە نییە کە زمانحاڵی گەل بێ بەڵکو دەبێ دەسەڵات لەدەوڵەت دا بڕوای بەیەکێتی نێوان کۆمەڵگای سیاسیو کۆمەڵگای مەدەنی هەبێو نوێنەرایەتی بکاتو بیپارێزێ لەڕوی دونیای دەرەوەدا. هەر وەك وادەبینێ کە دیموکراسی دەبێتە ئەڵقەو گرێدەری کۆمەڵگاو هێزی کارا (قوی فاعلە) ئەمەش لەڕێگەی گرێدانی خەڵك دەبێ بەدەسەڵاتەوە[50]. گەوهەری چەسپاندنی مافی مرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤ هێندە ئازادی هەبێ تا لەسۆنگەیەوە بتوانێ بەشداربێ لەبڕیاری سیاسیدا هەر بۆیە کە ئەو بڕیارانەی دەربارەی جەنگو ئاشتی دەدرێن لەولاتانی دیموکراسیدا زمانحاڵی بڕیاری کۆمەڵگان، بەپێچەوانەوە لەولاتانی نادیموکراسیدا لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بڕیارەکانی شەڕو ئاشتی دورن لەئیرادەو زمانی خەڵك. لەمێژوی پەیوەندی نیودەوڵەتانیشدا بڕیارە سیاسیایەکانی دەسەڵاتداران جەنگیان خولقاندوە، جەنگیش نەهامەتی زۆری لێ کەوتۆتەوە کە لەپێشەوەیاندا لەبەین چونی ملیۆنان مرۆڤو بەهەدەر چونی سەروەتو سامانی خەڵك بوە نمونە شەڕە جیهانیەکانیش راستی ئەم تێڕوانینە دەردەخەن. بۆیە کە دوای برانەوەی شەڕەکانو بگرە پێش شەڕەکانیش چەندان پڕۆتۆکۆڵو دیکومێنت دەرحەق بەپاراستنو لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ داڕێژراون. چونکە پاراستنی مرۆڤ بەمافو

---

[50] -آلان تورين، ماهي الديموقراطية، حكم الأكثرية أم ضمانات الأقلية، ترجمة حسن الكبيسي، دار الساقي الطبعة الثانية،٢٠٠١، ص٤٠.

خولیاكانیانەوە ئامرازێكی گرنگ پێك دێنی لەپاراستنی ئاشتیو ئاسایشی جیهانیدا. هەروەك رۆسۆ پێی وایە كە ئەگەری ڕودانی جەنگ لەنێوان وڵاتانی دیموكراسیدا كەمتردەبێتەوە ئەویش لەبەر گرنگی دانی گەلەكەیان بەژیانی مەدەنی خۆیان[51] رۆسۆ ئەو راستییەی دەرخستوە چونكە ئەگەر دیموكراسی هەبێ خەڵك ئازاد دەكات لەبڕیاردانو بواری بەردەم دەسەڵاتیش بەرتەسك دەكاتەوەو كۆتی لەسەر دادەنێ بەتایبەت لەبڕیارە چارەنوسسازەكانی شەڕو ئاشتیدا لەم حاڵەتەشدا خەڵكی زۆر بەزەحمەت دەچنە ژێرباری بڕیاردانی جەنگەوە.. وەك باسكرا ئاكامی شەڕە جیهانیەكان وای لەدەسەڵاتدارانی زلهێزە سەركەوتوەكان كرد كە لابكەنەوە لەمافەكانی مرۆڤ بۆئەوەی لەدوا جاردا دەسەڵاتی شەڕانگێز پەیدا نەبن بەو مانایەی كە پاراستنو دەستەبەركردنی مافەكانی مرۆڤ رێ دەگرێ لەخوڵقاندنی دەسەڵاتی شەڕانگێز ئەمەش لەهەردوو ئاستی دەرەوەو ناوەوەی كۆمەڵگاكاندا سەقامگیری سیاسی دەخولقێنێ.

[51] -د. عبدلوهاب حمید رشید، دیموكراسیو وەرچەرخانی دیموكراسی گفتوگۆیەكی چەمك ئامێز، و. بكر صدیق، جیهانی روناكبیری، ژمارە١ ساڵی یەكەم، مەكتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٩٩.

لەراستیدا پێش شەڕەكانی یەكەمو دووەمی جیهانی چەندان هەوڵدراون بۆئەوەی مافەكانی مرۆڤ بپارێزرێنو گەشەیان پێبدرێ. بەنمونە بڕیاری پەرلەمانی بەریتانیا لەساڵی ١٨٠٧دا بۆ نەهێشتنی سیستمی كۆیلایەتی[52] هەروەها بەپێی پەیمانی ساڵی ١٦٤٨ی ویستڤالیا كەیەكەم پەیماننامەی نێودەوڵەتییە جەختی لەسەر چارەسەری ئەوە كردەوە كە خواپەرستی ئازادبێ لەناو ئەو دەوڵەتانەی كە پەیماننامەكەیان مۆركردوە[53] هەروەها لەپەیماننامەی ساڵی ١٨١٥ی ڤیەننادا بازرگانی كردنی كۆیلەكانی قەدەغەكردو ئازادی دینی دەستەبەركرد[54].

لەدوای شەڕی یەكەمی جیهانیش گرنگی درا بەمافی چارەی خۆنوسینی میللەتان بەتایبەت دوای بانگەوازەكەی وَدرۆولسنی سەرۆكی ئەمریكا، بەڵام ئەم بانگەوازە نەیتوانی ببێتە دەستورێكو لەمیساقی كۆمەڵەی گەلاندا جێ بگرێ. بەڵام لەدوای شەڕی دووەمی جیهانیدا یاسای گشتی نێودەوڵەتی كرایە ئامرازی پاراستنی مافەكانی مرۆڤو مافە

[52] -د. كامران الصالحي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٦.

[53] -هەمان سەرچاوە ل١٠.

[54] -هەمان سەرچاوەل١١.

**سیاسییەکانیش زیاتر لەرابوردو زەق کرانەوە. ئەوەتا لەمیساقی نەتەوەیەکگرتوەکاندا هەر لەسەرەتای دیباجەکەدا بەشێوەیەکی فراوان باس لەپێویستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کراوە هاوشانی ئەوە راگەیاندنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨دا راگەیەنرا[٥٥] هەروەها لەمادەکانی (١، ١٣، ٦٢، ٥٥)ی میساقی نەتەوەیەکگرتوەکاندا باس لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ کراوەو جەخت لەسەر ئەوە کراوە جیهانی تازە دەبێ مافی مرۆڤی تێدا پارێزراوبێ[٥٦]. بێگومان هۆی سەرەکی لەگرنگی پێدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەمافەکانی مرۆڤ لەدوای شەڕی دوەمی جیهانی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە لەجەنگدا، کەدەرئەنجامی بڕیاری سیاسی دەسەڵاتی شەرانگێزبوە، خەڵکێکی زۆر بونە قوربانی جەنگو نەهامەتی گەورە توشی مرۆڤایەتی هات لەماڵوێرانیو کاولکاریدا، هەروەها رەتکردنەوەی مافی چارەی خۆنوسینی میللەتان بەهۆیەکی سەرەکی هەڵایسانی جەنگ حساب دەکرا، چونکە تێك چونی ئاسایشو**

[٥٥] -هەمان سەرچاوە ل١٣.
[٥٦] -هەمان سەرچاوە ل١٣.

**سەقامگیری جیهانی لەدەرەنجامی ئەوەوە دەبێ کە مرۆڤ چەند دەبێتە قوربانی بڕیاری جەنگو لەحوکمرانیش دا هاووڵاتیان دەبنە بارمتەی دوری دەسەڵات لەئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگاوە.**

**لەمادەی یەکەمی میساقی نەتەوەیەکگرتوەکاندا هاتوە کە: پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییەکانی خەڵك تێکڕاو هاندانی رەها لەسەرئەوە بەبێ جیاوازی کردن بەهۆی ڕەگەزو زمانو ئاینو هەروەها جیاوازی نەکردن لەنێوان پیاوانو ژناندا[٥٧] سیاسەتزانانو مرۆڤدۆستان، ئەو ڕاستییەیان لا دروست بوە کە فەرامۆشکردنی مافەکانی مرۆڤ هۆی سەرەکی لەگرێژەنەچونی هەلومەرجی ناوخۆی کۆمەڵگاکانو شڵەژانی پەیوەندی نێودەوڵەتانە. د. کامەران ساڵحی پێی وایە کە مەسەلەی گرنگو بنچینەیی بۆ سەرکەوتنی هەر سیستمێك بەستنەوەو گرێدانی مافەکانی مرۆڤە بەسیستمی دیموکراسی[٥٨].**

[٥٧] -هەمان سەرچاوە ل٩٧.
[٥٨] -هەمان سەرچاوە ل١٤١.

کۆمەڵگای ئەوروپی کە مەرجی چاککردنی رەوشی مافی مرۆڤ بەسەر تورکیا دەسەپێنێ بۆ وەرگرتنی وەك ئەندام لەکۆمەڵەی ئەوروپا بۆئەوەیە کە سیستمی سیاسی لەئەوروپا دا پێویستی بە وڵاتانێك هەیە کە لەناوخۆیاندا سەقامگیرو دادپەروەرو لەگەڵ دراوسێکانیشیاندا لەپەیوەندی‌یەکی دۆستانەو ئارامگرتودابن. وەلەڕوانگەی ئەوروپاوە پێش هەر هەنگاوێك دەستەبەرو سەلماندی مافە جیاوازەکانی مەدەنی‌و سیاسیەکانی مرۆڤ دەستەبەری راستەقینەی ئەم ئامانجانەیە.

لەراستی‌دا سەلماندن‌و کارپێکردنی بڕیاردان لەسەر مافەکانی مرۆڤ لای ئالان تۆرین بەرتەسك کردنەوەی دەسەڵاتیشە چونکە پێ‌ی وایە کە نەیاری سەرەکی دیموکراسی سیستمی تۆتالیتاری‌یە، رێ گرتنیش لەتۆتالیتاریزم بەوە دەبێ کەدەسەڵاتی دەوڵەت سنوری بۆ دابنرێ[59] ئالان تۆرین وادەبینێ کە سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەڕێگەی ئەو هاوپەیمانێتی‌یەوە هاتوە کە لەنێوان بیری مافی سروشتی‌و بیری کۆمەڵگای مەدەنی‌دا دروست بوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی پڕۆژەی نیشتمانی گەورە لەبواری ئابوری‌و ئازادی

[59] -الان تورین. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٣.

ئاڵوگۆڕو رادەربڕیندا[60] پێ‌ی وایە کە دیموکراسی پارێزەری ئازادی تاکەکان‌و کۆمەڵگایەو دژی دەسەڵاتی هەمەلایەنەی دەوڵەتە[61].

**دووەم: بڕیار دان لەسەر دەستورێك بۆ پیادە کردنی دەسەڵاتەکان**

بە شێوەیەکی گشتی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کە گەیشتبێتە ئاستی دەوڵەتی نەتەوەیی پێویستی بەبونی دەستورێك هەیە کە جۆری دەسەڵاتەکان‌و چۆنێتی راهی کردنی ئەرکی دەسەڵاتە جیاوازەکانی تەشریعی‌و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن‌و دەسەڵاتی دادوەری بهۆنێتەوە. مافی مرۆڤ ئەستەمە بپارێزرێ ئەگەر لەدەستورێکی نوسراودا ئەم مافانە دەقیان نەگرتبێ.

پێش ئەوەی باس لەگرنگی دەستور بکەین بۆ سیستمی دیموکراسی، پێویستە چی‌یەتی دەستور دەربخەین.

لەراستی‌دا چەند پێوانەیەك (معیار) هەیە بۆ پێناسە کردنی دەستور کەگرنگترینیان ئەمانەن: پێوانەی زمانەوانی:

[60] -هەمان سەرچاوە ل٥٥.
[61] -هەمان سەرچاوە ل٥٦.

لایەنگرانی ئەم تێڕوانینە ئاوا پێناسەی دەستور دەکەن کە بریتی‌یە لەکۆمەڵێك بنچینەی یاسایی کە بنەماو پێکهاتەی دەوڵەتی لەسەر ڕاگیر دەبێ[٦٢].

هەندێکی دیکە لەڕوی مێژویی‌یەوە پێناسەی دەکەن کە: کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی‌یە کەدەسەڵاتە گشتی‌یەکان‌و مافی تاکەکان دیاری دەکات لەسێبەری سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی‌داو پێیان وایە کە یاسای دەستوری جگە لەوە نەبێ کە جیاکەرەوەیەکە لەجیاکەرەوەکانی دیموکراسی چی‌تر ناگەیەنێ[٦٣].

هەندێکی دی لەڕوی بابەتی‌یەوە پێناسەی دەکەن بەوەی کە: کۆمەڵێك بنچینەی یاسایی‌یە کە هەلومەرجی دەوڵەت دەردەخات‌و دەسەڵاتەکانی ڕێکدەخات لەڕوی پێکهاتەو تایبەتمەندیەکانیانەوە هەروەها پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان

[٦٢] -د. حميد الساعدي، مبادىء القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق، دارالحكمة للطباعة والنشر، الموصل ١٩٩٠،ص١٠.

[٦٣] -هەمان سەرچاوە ل١٤.

دیاری دەکات، ئەرك‌و مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا بڕیار لێ دەدات[٦٤].

لەراستی‌دا (فیقه) لەسەر ئەوە ساغ بوەتەوە کەپێوانەی بابەتی (المعيار الموضوعي) پێناسەیەکی گونجاوە بۆ ناساندنی دەستورو پێویستی دەستور بۆ هەر دەسەڵاتێکی‌سیاسی، هەڵبەت هەموو دەسەڵاتێکیش جائەو دەسەڵاتە دینی، تۆتالیتاری، کۆماری، پاشایەتی، یان دیموکراتی بێ پێویستی بە دەستورێك هەیە بۆ دیاری کردنی سنورو چوارچێوەی کاری هەر دەسەڵاتێك لەدەسەڵاتە تەشریعی‌و تەنفیزی‌و قەزائی‌یەکان.

بۆ ئەوەی لەگرنگی دەستور بۆ سیستمی دیموکراسی تێبگەین دەبێ ئەوە ڕون بکەینەوە کە بنەچەی دانانی دەستور لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

هەڵبەت چەند ڕێبازێك لەدانانی دەستوردا پەیڕەو دەکرێ یەکێکیان شێوازی نادیموکراتی‌یەو دوەمیان شێوازی دیموکراتیە[٦٥]. ئەوەی کە مەبەستمانە لێرەدا بیخەینە ڕو دانانی

[٦٤] -هەمان سەرچاوە ل١٥.

[٦٥] -هەمان سەرچاوەی پێشو ل١٠٤.

دەستورە بەشێوازی دیموکراتی چونکە شێوازەکانی تر بەشێوەیەکی گشتی بەرژەوەندی ئێلیتی دەسەڵاتدار دەهۆنێتەوە تا بەرژەوەندی تاکەکان لەماف‌و ئازادیەکانیاندا.

شێوازە دیموکراسی‌یەکەی دانانی دەستور، سەرچاوەکەی بەتەنها خەڵکە جا چ لەڕێگەی دەستەیەکی دامەزرێنەرەوە بێ یان لەڕێگەی ریفراندۆمەوە بێ[66] لەهەردو حاڵەتدا بەبێ ڕەزامەندی زۆرینەی خەڵك دەقەکانی دەستور ناچنە چوارچێوەی کارپێکردنەوە. ئالێرەدا بایەخی دەستور بەدەردەکەوێ لەپرۆسەی دیموکراسی‌دا چونکە دەستور حەواڵەی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگا لەخۆیدا دەهۆنێتەوە (تدوين ارادة الأفراد) و ئەم ئیرادەیە لەدەستورەوە وەك یاسای ڕەسەن‌و بنچینەیی‌و بالاتر لەهەمو یاساکانی ناوخۆی وڵات شۆڕ دەبێتەوە بۆ دام‌و دەزگاکانی تری دەوڵەت‌و بەم شێوەیە خەڵك دەتوانێ بەشداربێ لەدەسەڵاتدا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ.

چونکە هەروەك عەبدولئیلا بەلقەزیز دەڵێ دەستور کۆت دادەنێ بەسەر دەسەڵاتی حاکمەوەو پێی وایە کە دەستور لەسیستمی دیموکراسی‌دا گوتارێکە بۆ بەعەقڵانی کردنی

[66] -هەمان سەرچاوەی پێشو ص١٠٦.

دەسەڵات[67]. بێگومان دوجۆر دەستور هەیە لەدەستورە نوسراوەکان یەکەمیان (دستور جامد) دەستوری نادینامیکی‌و دوەمیان دەستوری کراوە (دستور دینامیکی) کە زیاتر دەربارەی راستکردنەوەو گۆڕانکاری لەدەقە دەستوریەکاندا ناونراون[68] هەریەك لەو دوجۆرەی دەستور ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی، دیموکراسی‌و هەڵبژێردراوی خەڵك نەبێ ئەوا بەپێی بەرژەوەندی خۆی کاری پێ دەکات، بەنمونە لەدەستوری نادینامیکی‌دا، نادینامیکی دەستور دەکاتە ئامرازێك بۆ خۆدزینەوە لەنەسەلماندنی مافەکانی خەڵك هەروەك لەتورکیادا هەیە** دەستوری دینامیکیش دەسەڵاتی نادیموکراسی بەئاقاری بەرژەوەندی بیری ئێلیتی حوکم ڕاندا کاری پێدەکات، بەڵام بۆ سیستمی دیموکراسی، دەستوری دینامیکی ئاسانتر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ بەتایبەتی لەکاتی وەرچەرخانی دیموکراسی‌دا. هەرچەندە

[67] -عبدالأله بلقزيز، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا٦٨-٦٩.

[68] -د. حميد الساعدي، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا١٧٧

** دەستوری تورکیا دەستورێکی نادینامیکی‌یە بۆیە سەرەڕای گوشاری چەندین ساڵەی ئەوروپا تازە بەتازە لەم ماوەیەی دواییدا تورکیا هەندێ گۆڕانکاری تێدا کرد.

دەستوری ئەمریکاو فەرەنسا دەستوری نادینامیکین[٦٩] بەڵام لەبەر ئەوەی سەرەتای دامەزراندنی دەستوری ئەودوو وڵاتە هاوکات بوو لەگەڵ وەرچەرخانی دیموکراسی بۆیە ئێستا کەمتر ئەو دەستورە گرفت دروست دەکەن لەپیادەکردنی دیموکراسی‌دا. عەبدلئیلا بلقزیز پێی وایە کە دەستوری دەوڵەت ناواخنە (عقد ضمني) لەسەر بنەمای قەناعەتی هاوبەش لەنێوان دەسەڵاتداران‌و خەڵکی‌دا[٧٠] چونکە رازی بونی خەڵك لەسەر دەستوری وڵات دەبێ پێش هەرشتێك لەوەوەبێ کە مافەکانی خەڵك تێیدا بەرجەستە کرابێ. دەسەڵاتی دەسەڵاتە جیاوازەکانیش بەچەشنێکە کە لەپیادەکردندا تاك‌و کۆمەڵگا ئاسودە دەکات، ئاوها خەڵك رەزامەند دەبێ لەسەر دەستور، دەسەڵاتدارانیش کاتێ بەوچەشنە ئەو گرێ بەستە لەگەڵ خەڵك راهی دەکەن کە فەزای سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتوری‌و هتد. لەوڵاتدا فەزایەکی دیموکراسیانەبێ لەم حاڵەتەشدا ئیرادەی

[٦٩] -د. حميد الساعدي، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا١١٨.
[٧٠] -عبدالأله بلقزيز، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا٦٩.

فەرمانڕەوایان بەشێکی گرنگی ئیرادەی خەڵکەو لەڕێگەی ئەو گرێ بەستە دەستوریەوە حەواڵە کراوە.

لەدەستوردا مافی هەڵبژاردن‌و مافی خۆ پاڵاوتن بۆ هاووڵاتیان بەرجەستە دەکرێ ئەمەش ئەو بنەمایەیە کەلێیەوە تاکەکان دەتوانن پشت ئەستور بەیاسای باڵای وڵات، کەدەستورە بەرامبەر بەوڵات خۆ بەلێپرسراو بزانن‌و لەو سۆنگەیەشەوە دەتوانن هەنگاو بنێن بۆ بەشداری کردن لەدەسەڵات‌و بەوەش پەیوەندی تاك‌و کۆمەڵگا لەگەڵ فەرمانڕەوایاندا لەسەر بنەمای دیموکراسی دیالەکتیکیانە پێکەوە دەبەسترێ هەرئەوەش دەستەبەری بەدەست هێنانی مافەگشتی‌یە سیاسیی‌و مەدەنیەکانی تاکەکانە، لەکۆمەڵگادا. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا (روبیر فریس) پێی وایە کە دیموکراسی تەنها بەگرەنتی دەستوری بەرجەستە نابێ کەپێی دەوترێ ئازادی سلبی بەڵکو تێکۆشانێکە زاتی کارا ئەنجامی دەدات لەڕێگەی کەلتورو سەربەستی خۆیەوە دژی لۆژیکی هەژموونی سیاسیەکانیان[٧١] بەمانای دیموکراسی پێش ئەوەی یاسایەکی نوسراوبێ واقعێکی کۆمەڵایەتیە وەك

[٧١] -الان تورين، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا٢٠.

پێویستی‌یەکی بابەتی سواری شەپۆلی داخوازیەکانی خەڵك‌و کۆمەڵگا دەبێ‌و دەستوریش وەڵام دەرەوەی ئەو داخوازیانەیە.

**سێیەم: فرەیی سیاسی**

ئاشکرایە کە هەر کۆمەڵگایەك لەچەند چین‌و توێژێك پێکهاتوە، هەر چین‌و توێژێکیش لەگەڵ ئەوانی دیکەدا جیاوازە لەڕوی بیروباوەڕو بەرژەوەندی‌و ئامانجەکانیانەوە لەو سۆنگەیەوە ئامرازی تێکۆشانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگاش بۆ بەدەست هێنانی ماف‌و ئامەنجەکانیان لێك جیاوازن.

کاتێك دەسەڵات بەشێوەیەکی رەهاو دور لەئیرادەی هەموان بەسەر خەڵکەوە لەلایەن دیکتاتۆرێك یان ئیلیتێکی دیاری کراو یان لەلایەن تاقمێك لەجەنەراڵە سەربازیەکانەوە پیادە دەکرێ ئەوا سەرجەم پێکهاتەی کۆمەڵگا لەهەموو ماف‌و ئازادیەکانیان زەوت دەکرێن. کەوابێ لەهەلومەرجێکی ئەوهادا چین‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەدو خاڵدا لەگەڵ یەکتردا یەك دەگرنەوە یەکەمیان ئەوەیە کە هەموویان وەك یەك ئازادیان لێ زەوت کراوەو مافەکانیان پێشێل دەکرێن. دوەمیشیان ئەوەیە کە هەموویان پێویستیان بەوەیە کە ئازادیان پێبدرێ‌و مافەکانیان دەستەبەر بکرێن.

بێگومان ئەم تێگەیشتنەی سەرەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەش بەراست دەگەڕێ کە لەنەتەوەیەك یان ئاینێك زیاتر پێکهاتون لەم حاڵەتەدا ئەو نەتەوەیەی یان مەزهەبەی فەرمانڕەوایە لەولاتدا مافی ئەوانی تر پێشێل دەکات. بۆیە نەتەوەو مەزهەبەکانی بن دەست چەند ئامانجێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ئەویش یەکگرتنە لەپێناوی ئازادی‌دا.

بەڵام کاتێ دیموکراسی دەبێتە سیستمی دەسەڵات‌و کاربە پرەنسیپ‌و دامەزراوەکانی دیموکراسی دەکرێ لێرەدا جیاوازیەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگا زەق دەبنەوە بەڵام بەئاقارێکی ئاشتی‌یانەدا جیاوازیەکانیان ئاراستە دەکەن.

عەبدولئیلا بەلقەزیز پێی وایە کە پلورالیزم (فرەیی)ی سیاسی لەبوارەکانی مافی مرۆڤ بەگشتی‌و لەبواری ئازادی بیروڕاو مافی ڕێکخراوبوندا دەردەکەوێ ئەو مافانەش دەستەبەر نابن لەسێبەری دیموکراسی‌دا نەبێ کە بڕیار لەسەر هاولاتی‌بوون دەدات[٧٢]. لەپێش هەر کارێکدا جیاوازیەکانی ناو کۆمەڵگا لەوەدا دەردەکەون کە هەر یەکێك لەچین یان توێژەکانی کۆمەڵگا لەناو ڕێکخراوە سیاسیەکان یان

[٧٢] -عبدالألە بلقزیز، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٧٣.

سەنديكاو رێكخراوە پيشەيىيەكاندا خۆيان رێكدەخەن بۆخستنە ڕوی ئامانجوداخوازيەكانيان بەجۆرێك كە ئەم خۆدەرخستنە ئاراستە دەكرێو ئاكامێكى سياسى لىٚ دەكەوێتەوە كە فەزايەكى ديموكراسى دروست دەكات بۆئەوەى جياوازيەكان دوربن لەگرژىو دەمارگيرىو شەڕو ئاژاوە. لەو سۆنگەيەوە هاوسەنگىيەكى كۆمەڵايەتى سياسى دەبێتە پارسەنگى هەلومەرجە ديموكراسيەكەى ناو وڵات.

لەراستىدا پلوراليزمى سياسى دەبێ بكەوێتە ناو چوارچێوەى كەشێكى ديموكراسى كە بنەماكانى سيستمى سياسى دارِشتبىٚو دامەزراوە ديموكراسىو دەستوريەكان، دامەزراوو ئاراستەكراوبن. هەر بۆيە لەولاتێكدا كە لەقۆناغى رزگارى نيشتمانىدايەو چەندين حزبو رێكخراو هەن بەلام نەگەيشتونەتە رزگارى تەواو، وەدەسەلاتيان وەرنەگرتوە ناتوانين بەپلوراليزمى سياسى لەقەڵەم بدەين. چونكە ئامانجى ئاشكراى ئەو كۆمەڵو رێكخراوانە بريتىيە لەگەيشتن بەئازادىو ئامانجەكانيان. بەلام مەرج نيە لەچركە ساتى گەيشتن بەدەسەلات ئازادى بۆ بەرامبەرەكانيان قبوڵ بكەن. بەڵكو ئەو كاتە ئەم شێوە كاركردنە بۆ حزبو رێكخراوە جياوازەكان بەپلوراليزمى سياسى دەچوێنرێ كە هەنگاوى يەكەمى كاريان چەسپاندنى ديموكراسىو دامەزراندنى دامەزراوەكانى ئەو سيستەمەبىٚ.

ديموكراسى زەمينە دەسازێنىٚ بۆئەوەى يەكێتىيەك لەنێوان فرە جۆرە جياوەزەكانى كۆمەڵگادا بخولقێنىٚ، بەماناى ئەوەى فرەجۆرى بەجياوازيەكانيانەوە لەبيروباوەڕو ئاينو رەنگو كەلتورو... هتد، يەكدەگرن بۆئەوەى لەفەزايەكى ديموكراتيانەدا بەشێوەيەكى ئاشتيانە لەپێشبركىٚى دەستەبەرى بەرژەوەندىو تايبەتمەنديەكانى خۆيان دابن، بەلام پێش هەر شتێك دەبىٚ پلوراليزم هەبىٚ لەديموكراسىدا[٧٣]. لەديموكراسيدا زۆرينەو كەمينە دو سيفاتى تايبەتن بەلام وەك ترابيشى دەڵىٚ ئامانجى ديموكراسى رێكخستنى كۆمەڵگايە لەسەر بنەماى زۆرينەى دادپەروەريدا، بەلام چەمكى زۆرينە بۆ ئەوەنيە پێشوەختە مافى كەمايەتى بخوا[٧٤] لەراستىدا يەكێك لەو هۆكارانەى كەوا دەكات فرە جۆرە جياوازەكان پێكەوە هەڵبكەن ئەوەيە كە زۆرينە دێت دەسەلات وەردەگرىٚ، وەئازادى پيادە دەكاتو ئەركە ديموكراسييەكان ڕادەپەرێنىٚ

---

٧٣ -جورج طرابيشي، في ثقافة الديمقراطية- دار الطليعة بيروت- ص٤٦.

٧٤ - هەمان سەرچاوە، ل٤٧.

بۆ خۆی نیه بەڵکو بۆ هەموانە. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە زۆرینەی ئەمڕۆ کەمایەتی سبەینێیەو بەپێچەوانەشەوە. ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ هاندانی فرەجۆرەکان تا بنەماکانی پلورالیزم بپارێزن چونکە هەر چین یان نەتەوە یان ئاینێك دوارۆژی لەدیموکراسیدا مسۆگەرە. جا لەدەسەڵاتدا بێت یان ئۆپۆزیسیۆن بێت. بۆیە کە دەگوترێ دیموکراسی گەورەترین فرەجۆری (تنوع) بەرهەم دەهێنێو سیاسەتی دانپیانانی بەرامبەر جێبەجێ دەکات[٧٥] هەرکاتێك ئازادی بۆ بەرامبەر نەسەلمێنرا کەوابێ دیموکراسی پوکاوەتەوە چونکە دیموکراسی لەپێشدا ئامرازە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی. بۆیە هیگڵ پێی وایە ئەگەر مرۆڤ هەموو ئازادییەکی جگە لەخۆی بۆ هەموو کەسیتر رەت کردەوەو هەست بەئازادی نەکا لەو کاتانەدا نەبێ کە ئازادی خەڵکانی تر زەوت دەکاتو لەبەهاکانی مرۆڤایەتی دوردەکەوێتەوە. ئەوەش زۆرداریە[٧٦].

ئامرازی سەرەکیو بەهاداری فرەجۆریش دەرکەوتنی حزبو پارتە سیاسیەکانە وەك ئالان تۆرین دەڵێ: پارتە سیاسیو

[٧٥] - هەمان سەرچاوە، ل٣٩.
[٧٦] - عبدالله العروي، مفهوم الحرية، الطبعة السادسة مركز ثقافي عربي،١٩٩٨ ،ص٦٣.

سەندیکاکان ئەو رەگەزەن کە بەبێ ئەوان دیموکراسی ناتوانێ لەسەرپێ بوەستێو هەرکە کۆمەڵگا زۆر تر ئاڵۆز بووبێ کۆمەڵە بەرژەوەند دارەکان (جماعات مصلحیە) زیاد دەبن بەمەش کۆکردنەوەی داخوازیەکانیان لەسەر دەستی ئەو کارکەرانە (مەبەست لەسەندیکاو پارتەکانە) پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای مەدەنیو کۆمەڵگای سیاسی دەبێتە شتێکی پێویست لەبەر ئەوە وێناکردنی دیموکراسی بەبێ حزبەکان دەبێتە شتێکی موستەحیل[٧٧].

لەراستیدا یاسا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بەرقەراربوونی فرەییو رێکخستنی فەزای فرەجۆریدا چونکە ڕێ دەگرێ لەوەی کە ئازادی بەدەمارگیری پیادە بکرێو کەس لەسەر حسابی ئەوانی دیکە نەگات بەمافەکانی. ئازادیش لەبەرجەستەکردنیدا هەندێ جار دەبێتە هۆی رێگرتن لەمافو ئازادی ئەوانی تر ئەوەش پێویستی بەیاسا هەیە بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لەنێوان مافو ئازادی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا لەلایەكو کۆمەڵو حزبو سەندیکاکان لەلایەکی دیکەوە لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکات ئا لەوکاتەدا

[٧٧] -الان تورین، هەمان سەرچاوەی پێشو،١٢٧

دیموکراسی مەرجی سەرەکی دەبێ بۆ ئەوەی یاسا بەئەرکی خۆی هەڵبستێ..

**چوارەم: سیستمی نوێنەرایەتی**

لەپرۆسەی هەڵبژاردندا کاتێ دیموکراسی بەشێوە ئاسۆیییەکەی پیادە دەکرێ[78] پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا بەئاقارێکدا دەبات کە هەموو ئەوگرێو گۆڵە سیاسیو کەلتوریو کۆمەڵایەتیانە رادەماڵێ کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەشداری خەڵك لەبواری پێش کەوتنە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیەکاندا، نوێنەرانی هەڵبژێردراو لەسەر چەمکی هاوڵاتیبونو ئینتیما بۆ وڵات ئاراستەدەکرێن بەتایبەت کە نوێنەران راستگۆیانە لەکاتی وەرگرتنی پۆستی دەسەڵاتدا لەهەر کام لەدەسەڵاتو دامەزراوە سیاسیەکاندا ئەرکەکانیان بەئاقاری داخوازیەکانی خەڵكو بەرژەوەندی باڵای گەلو وڵاتدا رابپەڕێنن، کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنیان بەخەڵك داوە.

[78] -بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوە هەڵبژاردنی ئاسۆییو ستونی بڕوانە کتێبی (جۆرج تەرابیشی) دەربارەی کلتوری دیموکراسی ص١٠-١٤.

بەڵام بەشێوە ستونییەکەی وەك جۆرج تەرابیشی باسی دەکات دیموکراسی بۆ چەند تایەفە یان چینێك یان نەتەوەیەکی دیاری کراو پاوان دەکات بەمەش پرۆسەی هەڵبژاردنو مەسەلەی نوێنەرایەتیکردن لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون، ناوەڕۆکەکەی لەدەست دەداتو چەمکی بەشداری (مشارکە)ی تاکەکان بەرتەسك دەکاتەوە کە مەرجێکی بنەرەتی هەردو پرەنسیپی فرەییو نوێنەرایەتییە لەسیستمی دیموکراسیدا، ئەم جۆرەی هەڵبژاردنە هاندەرێکی نێگەتیڤانە دەبێ لەپەرەسەندنی وڵاتدا بەمەش ئەوپرەنسیپەی کە پەیوەستە بەبڕیاردان لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەپرۆسەی دیموکراسیدا کە خۆی لەئازادی بیروڕادەربڕینو مافی رێکخراوبوونو دامەزراندنی پارتی سیاسیو سەندیکا پیشەییە دیموکراتیەکاندا دەبینێتەوە توشی کاڵبونەوەو پوکانەوە دەکات.

لەدووتوێی خوێندنەوەی کتێبێکی (دانیل غاکس) دا جۆرج تەرابیشی دەڵێ دیموکراسی نوێنەرایەتی واپێناسە دەکرێت کە مەبەست لێی دەست گرتنە بەسەر پێگەکانی دەسەڵات لەدەوڵەتدا کە چەند پیاوو ژنێك دەکەونە رکابەرایەتی (منافسە) لەگەڵ یەکتریدا بۆ گەیشتن بەدامەزراوەکانی وەك پەرلەمان یان حکومەت یان

شارەوانیەکانو... هتد کە هەموو ئەمانەش بەستراونەتەوە بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە. تەرابیشی ئەوەش دەخاتە ڕوو کە لەرابوردودا ئامرازەکانی گەیشتن بەدەسەڵات بریتیبوە لەشەڕو شۆڕ، شۆڕش کردن، کودێتاو کوشتنو پیلان (مؤامرة)[79].

بەڵام لەم سەردەمەدا ئامرازی گەیشتن بەدەسەڵات لەڕێگەی پرۆسەی هەڵبژردنەوە دەبێ کە کلیلەکەی سندوقی دەنگدانە. بێگومان جاران ئیرادەی ئیلیتێك جا بەپاڵپشتی بەشێکی خەڵك وەك لەشۆڕشدا یان لەڕێگەی پشتگیری هێزێکی دەرەکی یان بەهەر ئامرازێکی دیکە دەست دەگیرا بەسەر دەسەڵاتدا بێ ئەوەی ڕێ بدرێ کە هەموو چینو توێژەکان ئازادانە بەشداربنو ئیرادەیان بچێتە ناو دەسەڵاتەوە. بەڵام لەدیموکراسیدا داخوازیو چەمکی بەشداری خەڵکی لەحەواڵە کردنی ئیرادەی خۆیان بۆ پشتی دەسەڵات لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە دەبێ کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەکەشێکی ئارامو سەقامگیردا دێنە ناو گۆڕەپانی پێش بڕکێو سەنگی مەحەکی نوێنەرانیش بۆ هەڵبژاردنیان لەلایەن جەماوەرەوە

چەندان رەگەز لەخۆ دەگرێ کە دیارترینیان، بەرنامەی نوێنەرەکان خۆیانە جا چ بەرنامەکەیان بەسیفەتی کەسێتی یان لەڕێگەی بەرنامەی حزبەکانیانەوە یان سەندیکاکانیانەوەبێ، دەبێ لەهۆنینەوەی بەرنامەی هەڵبژاردندا ئیرادەو عەقڵی نوێنەران چ خۆیان چ ڕێکخراوەکانیان درکیان بەهەموو گرفتو داخوازیو ئامانجەکانی خەڵك کردبێو لەبەرنامەکانیاندا تێگەیشتنو وەرگرتنی ئەو ئامانجانە بخرێتە بەر چاوی جەماوەر، ئەوە جگە لەوەی کە نوێنەری باش ئەو کەسانەن کە ڕابوردوی باشیان لەناو خەڵك دا هەیەو هتد.

لەراستی نوێنەری هەڵبژێردراو بۆ هەر دامەزراوەیەکی دەوڵەتی سیستەم دیموکراسی ئەرکەکەی پێش هەر شتێك گەیاندنی پەیامی جەماوەرەکەیەتی بۆ سەر مێزی بڕیاردانو هەمیشە نوێنەران لەبەردەم چاویلکەی خەڵکیدا دەبن بۆیە پێویستە نوێنەرانی خەڵك هەمیشە داخوازیەکانی خەڵکیان لەبەرچاوبێو کار بکەن کە هاوسەنگیەك لەنێوان داخوازیەکانی خەڵكو بەرژەوەندی باڵای گەلو وڵاتدا بدۆزنەوە.

بەردەوام بونی پرەنسیپی نوێنەرایەتی لەپرۆسەی دیموکراسیدا لەسەر توخمێکی گرنگ دەوەستێ ئەویش توخمی

[79] -جورج طرابیشی، هەمان سەرچاوەی پێشو، ص٧٣.

زۆرینەو کەمینەیە، کەوابێ نوێنەران بە بەردەوام لەگەڵ توخمی زۆرینەو کەمینە لەڕوی مەعنەوی‌یەوە لەیاریکردندان، بۆ ئەوەی نوێنەران دەنگی زۆرینە لەفەزا کۆمەڵایەتیەکەدا بپارێزن‌و بیهێڵنەوە دەبێ بەردەوام ئاگاداری بەرقەراری‌و بەردەوامی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بن، ئەمەش بەوە دەبێ کە نوێنەران راستگۆیانە بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن‌و پێویستە پۆستەکانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی خەڵك بەکار بهێنن‌و ئەنانیەت ئافەروز بکەن، بەتەنیشت ئەم گوشارە مەعنەویەی لەسەر نوێنەرانە بە بەردەوامی کەچی هاوشانی ئەوە گرنتی‌یە دەستوریەکانیش هەمیشە لەبۆسەدان بۆ ئەو نوێنەرانەی کە ناپانەوێ یان ناتوانن لەئاست متمانەی خەڵکی‌دا خۆبپارێزن بۆیە جەماوەر پشت ئەستورە بەیاساوە. بێگومان لەدەروازەی پرەنسیپی نوێنەرایەتی‌یەوە جەماوەر دو مافی سەرەکی بۆ دەستەبەر دەکرێ کە یەکەمیان لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە داخوازی‌و ئامانجە گشتی‌یەکانیان کە لەدەروازەی دەسەڵاتەوە هەیانەو شکی دەبەن، دەستەبەردەکەن دوەمیشیان کەیەکێکە لەمافە سەرەکیەکانی خەڵکی لەڕێگەی چەمکی بەشداری کردنەوە (مشارکة) مافی ئەوەیان هەیە بەشداربن لەبڕیاری سیاسی‌دا.

خەڵك لەسیستمی دیموکراسی‌دا لەپێکەوە بەستنێکی بەردەوام دایەو دانابڕێ لەدەسەڵات بەمانای ئەوەی کەلێنی نێوان خەڵك‌و دەسەڵات لەڕێگەی نوێنەرانەوە تەسك دەبێتەوە بۆیە هەڵوێستە سیاسی‌و مەسەلە ئابوری‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌و تەنانەت سەربازیەکانیش* بەشێکی گرنگی ئیرادەی خەڵکی پێك دێنن. لەو سۆنگەیەوە بڕیاری سیاسی لەدەسەڵاتی سیاسی‌دا دورنابێ لەخەڵك چونکە ئەگەر دەسەڵاتیش لەکاتی بڕیارەکاندا نەگەڕێتەوە بۆ شەقامەکان ئەوا جەماوەر لەڕێگەی گروپە گوشار هێنەکانەوە کە پارتە سیاسی‌و سەندیکاکانن گوشاری گەورە دەخاتە سەر دەسەڵات‌و نوێنەرەکان‌و لەدواجاریشدا دەسەڵات یان ملکەچی ئیرادەی خەڵك دەبێ یان ئەوەتا دەسەڵات بەجێ دێڵن‌و سەر لەنوێ پرۆسەکە دەگاتەوە خاڵی دەست پێکردنەوە. دیموکراسی لای تەرابیشی گرێ بەستێکە (عقد) لەلایەن جەماوەرو دەسەڵاتداراندا، هەر کاتێك لایەنێك پابەندێتی سەرشانی جێبەجێ نەکرد کە لەعەقدەکەدا هاتوە کە بریتیە

* لەئەمریکا هەر بڕیارێکی سەربازی بەتایبەت بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن سەرۆکەوە، دەبێ پێش وەخت ڕەزامەندی کۆنگریسی لەسەربێ کە نوێنەری جەماوەرە.

لەپابەندبوون بەو بەڵێنانەی بەخەڵك دراوە ئەوا گرێ بەستەکە هەڵدەوەشێتەوەو خودی پرۆسەکەش دەکەوێتە بەر هەڕەشەی پوکانەوە[80]. دواجار رەنگە ئەوەی جێی باسکردنبێ لەسیستمی نوێنەرایەتی‌دا ئەوەیە کە پێویستە جەماوەر لەناو پارت‌و سەندیکاکان ژیرانە خۆیان ڕێکبخەن‌و ئامادە سازی‌یەك بسازێنن بۆ بەرجەستەکردنی نوێنەری راستەقینەی خۆیان کە لەبیروباوەڕەوە دەست پێدەکات تادەگاتە بنەما ئەخلاقیەکان کە لەنوێنەراندا پێویستە بونیان هەبێ‌و بەحەق لەئاستی متمانەی خەڵکی دابن.

ئالان تۆرین پێی وایە کە: دیموکراسی ئەوە دەسەپێنێ کە بەپلەی یەکەم دەبێ فەرمانڕەوایان سیفەتی نوێنەرایەتیان هەبێ بەواتایەکی تر دەبێ هێزێکی کۆمەڵایەتی کارا هەبێ کە ئامرازو کارکەرەکانی سیاسیەکانن واتە نوێنەریانن[81]، پێی وایە کە هەر تێگەیشتنێك بۆ ئازادی لەپێکەوە بەستنەوەو گرێ دانی ئازادی‌و یەکسانی‌یەوە سەرچاوە بگرێ کە ئازادی‌و یەکسانیش لەخستنەڕوی سێ رەهەندی گرنگی

[80] -بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە جۆرج تەرابیشی، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا١٥

[81] -الان تورین، هەمان سەرچاوەی پێشو،٤٠.

دیموکراسی‌دا بەرجەستەدەبن ئەوانەش بریتین لەمافەکانی مرۆڤو هاوولاتیبون‌و نوێنەرایەتی[82].

بێگومان نوێنەرایەتی بەلای ئالان تۆرینەوە بەرەگەزێکی گرنگی دیموکراسی دەزانرێ. چونکە نوێنەرایەتی کردنی جەماوەر نوێنەرایەتی کردنە لەهێزی کارای تاکەکان کە کۆمەڵگا پێك دێنن، بۆ ئەوەی ئیرادەی کارای تاکەکان بگاتە کورسی دەسەلاّت دەبێ چەند کەسێك هەبن نوێنەرایەتی تاکەکان بکەن، بەمانایەکی تر فەرمانڕەوایان کاتێ ئەوانە دەبن کە نوێنەری خەڵك‌و تاکەکانن‌و تاکەکانیش لەفەزایەکی دیموکراسی‌دا شوناسی هاوولاتیبون بەرجەستەدەکەن‌و مافەکانیان بەدەست دەهێنن ئەوا لای ئالان تۆرین دیموکراسی ئامادەیە...

ئالان تۆرین وادەبینێ کە لەدیموکراسی‌دا دورایی‌یەك یان کەلێنێك هەیە لەنێوان دەوڵەت‌و تاکەکاندا، بەلاّم ئەم کەلێنە دامەزراوە یاسایی‌یەکان پڕی دەکەنەوەو لەڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە تاکەکان هەست بە بەهاوولاتیبون

[82] -هەمان سەرچاوە ل٥١.

دەکەن بەم جۆرە ئالان تورین وادەبینێ کە دەوڵەتو کۆمەڵی مەدەنی لێک جیان بەهۆی دامەزراوە یاساییەکانەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەهۆی نوێنەرەکانیانەوە یەکگرتو دەردەکەون[83].

دواجار دەتوانین ئەو راستیە بسەلێنین کە نوێنەران بەئیرادەیەکی بەهێزەوە خەڵکو دەسەڵات پێکەوە گرێ دەدەن کاتێک بەردەوامی دەدەن بەنوێنەرایەتی خۆیان ئەمەش بەوە نابێ کە بەردەوام لەدەسەڵاتدا بمێننەوە بەڵکو ئەوکاتەی نوێنەران لەناوخۆیاندا بەئاشتیانە دەسەڵات ئاڵوگۆڕ دەکەن.

**پێنجەم: دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات**

گرنگترین خاڵی جیاکەرەوە لەنێوان سیستمی دیموکراسیدا لەسەر بنەمای زۆرینەیە کە دەرەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنە لەدەروازەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، بەڵام لەسیستمەکانی تردا ئەو پرەنسیپە وجودی نیەو دەسەڵات بەردەوام لەدەست تاکەکەس یان ئیلیتێکی دیاریکراودایە.

٨٣ -هەمان سەرچاوە ل٣٨.

لەراستیدا هەندێ دەسەڵاتی ئۆلیگارشی رەنگە لەناو خۆیاندا جۆرێک لەدیموکراسی پیادە بکەن، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە دیموکراسیو پرنسیپەکانی کاریان پێدەکرێ هەروەک لەکۆماری ئیسلامی ئێراندا سەبارەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی وڵات لەسەر بنەمای هەڵبژاردن پۆستەکانی دەسەڵات وەردەگرن. چونکە دیموکراسی لەگەوهەرەکەیدا پێکەوە بەستنەوەی خەڵکە بەجیاوازی بیروباوەڕو نەتەوەو ئاینەوە لەسەر شاڕێیەکی بەریندا کە هاوکێشە کۆمەڵایەتیو ئابوریو کەلتورییەکانی وڵات بەئاقارێکی ژیاریدا دەباتو چەمکی بەشداری بەشێوەیەکی فراوان کاری پێدەکرێت. بەمانایەکی دیکە خەڵک بەبیروباوەڕی خۆیەوە دێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنو بەشداری دەکات، بەڵام لەدەسەڵاتی ئۆلیگارشیدا ئایدیۆلۆژیا پێش وەختە بڕیاری لێ دراوەو هەموو بەشدارییەکی خەڵک لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای فەرمانڕەوادایە.

وەک گوترا (مشاركة) بەشداری گەوهەری پێکەوە بەستنەوەی خەڵکو دەسەڵاتە (بەشداری)یش بەرکەماڵ نابێ تاکو نەگاتە لوتکەی دەسەڵات ئەویش ئەو چرکە ساتەیە کە زۆرینە لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە

بڕیاری لێدەدرێو بەمەش دەسەڵات پێشتر کە زۆرینەی دوێنێبوەو کەمینەی ئێستایە دەورو تەسلیم دەکاتو بوار دەڕەخسێنێ بۆ گەیاندنی زۆرینەی ئێستا بۆ جێگەی خۆیو ئەویش بەنۆبەی خۆی دێتەوە ناو پرۆسەی بەشدارییەوە جارێکیتر.

بەپێی تێڕوانینی عەبدولئیلا بەلقەزیز بەشداری لەڕێگەی پیادەکردنی پرۆسەی دەنگدانەوە بەپاکی، شەرعیەتی هەڵبژاردن دروست دەکات، بەڵام ئەم شەرعیەتە کاتێك دەبێتە شەرعیەتی نیشتمانی ئەو کاتەی کە ئاکامی دەنگدان خەڵکێکی تازەتر دێنێتە سەر پۆستی دەسەڵاتەوە[٨٤]. بلقزیز پێی وایە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەسەر بنەمای (کۆدەنگی سیاسیو کەلتوری لەسەر پڕۆژەیەکی هاوبەشی کۆمەڵگا) دەبێ ئەمەش لەخۆیدا دەربڕی چەند نەگۆڕێکی باڵای گەلو نەتەوەیە[٨٥].

ئەگەر پرۆسەی دیموکراسی نەگەیشتە چرکە ساتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات کەوابێ ئەم کۆدەنگیەی بلقزیز لێی دەدوێ لەدواجاردا بێمانا دەبێو دەپوکێتەوە چونکە وەزیفەی دەنگدان دەبێ لەپۆستی دەسەڵاتدا پرۆسەکە تەواو بکات دەنا نابێتە شەرعیەتی نیشتمانی.

ئەگەر پرەنسیپی دەستاودەستکردنی لەدیموکراسیدا کاری پێبکرێت ئەوە پێگەو دامەزراوەکانی دەسەڵات بەردەوام لەنوێ بونەوەدا دەبنو سەرجەم پرنسیپەکانی دیموکراسی لەیەك پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا پێکەوە گرێ دەدرێن. چونکە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردنی پرنسیپەکانیتر.

ڕکابەری جەمسەرە جیاوەزەکانی کۆمەڵگا یان فرە جۆرەکان ئەرکە گرنگەکەی خۆیان لەدەست دەدەن ئەگەر دەسەڵات ئاشتیانە ئاڵوگۆڕ نەکرێ. سیستمی دیموکراسی دان پیانانی بەرامبەریان راستر بڵێین دانپیانانی ئەوانی دیکەیە، دانپیانانی مافەکانی ئەوانەیە کە لەگەڵ یەکتردا لە ڕکابەری ئاشتیانەدان. لەراستیدا دەستور لەوڵاتانی پەیڕەو دیموکراسیدا یەك مەرکەزی یاسایی دەداتە تاکەکان بەو مانایەی هەموان لەبەرامبەر یاسادا یەك مافو ئەرکیان پێ دەبەخشرێ. ئەمەش بۆ هێزە کۆمەڵایەتیو حزبەکانیش هەر دروستە لەبەر ئەوەی گەیشتن بەدەسەڵات لەدەستوردا بۆ هەموان مافێکی

---

[٨٤] -عبدالألة بلقزیز، هەمان سەچاوەی پێشو، لا٧٩.

[٨٥] -هەمان سەرچاوە ل٨١.

گشتی‌یه كەوابێ هەموو جۆرەكانی كۆمەڵگا بەهەموو هێزو كۆمەڵەكانیەوە بۆیان هەیە بگەنە تانو پۆی دەسەڵات هەركاتێ بون بەزۆرینەو ئەوانی دیكەش بونە كەمینە هەروەك دەبێ پابەندیش بن بەدەرچون لەدەسەڵات هەركاتێ بون بەكەمینە.

بێگومان وەك لەپێشەوەی ئەم نوسینەدا ئاماژەی پێدراوە كە كەمایەتی‌و زۆرایەتی دوو ڕێژەی بەردەوام لەگۆڕاندان چونكە لەئیرادەی گەلەوە سەرچاوە دەگرن كەوابێ دەسەڵاتیش لەسیستمی دیموكراسی‌دا شوێنی ئاڵوگۆڕی كەمینەو زۆرینەیە. لەبەر ئەو راستیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، كە بۆ ئەوەی دیموكراسی پرنسیپەكانی بچەسپێن‌و لەو سۆنگەیەوە دیموكراسی وەربچەرخێ‌و شۆڕببێتەوە بۆ ناو بەها كۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوری‌و كەلتوریەكان‌و... هتد. دەبێ مافەكانی مرۆڤ لەچوارچێوەی دەستورێكی كراوەدا دەقیان گرتبێ‌و هەلومەرجی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاش، فرە جۆرەكانی (تنوع) بەرهەم هێنابێ‌و ئەمانەش ئەو گوشارەیان خولقاندبێ كەسیستمی نوێنەرایەتی لە وڵاتدا بكاتە ئەركێكی دیموكراسی‌و لەو سۆنگەیەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بوبێتە پڕۆژەیەكی نیشتمانی‌و شارستانیانە.

## بەشی پێنجەم

# پەیوەندیی نێوان ئازادی‌و دیموكراسی

لەراستی‌دا باسکرد ... ی وەك سیستمێکی سیاسی بێ‌مانا دەبێ ... الّدانی خۆیدا ئازادی بۆ تاکەکان بەرهەم نەهێنێ. بەمانایەکی دیکە سیستمێك نی‌یە پێ‌ی بگوترێ دیموکراسی ئەگەر ئازادی نەبەخشێ‌و نەرەخسێنێ بۆ تاك‌و کۆمەڵ یان راستتر بڵێین دەبێ سیستمی دیموکراسی لەرێگەی ئازادی‌یەوە تەعبیر لەخۆی بکات.

بێگومان بۆ ئەوەی دیموکراسی بەباشترین شێوە پرنسیپەکانی بچەسپن دەبێ هەریەك لەپرنسیپەکانی دیموکراسی ببنە چەترێك بۆ پیادەکردنی ئازادی.

هەڵبەتە ئازادی پێش هەر بونەوەرێك پێویستی‌یەکی ژیانی مرۆڤە لەو سۆنگەیەوە پێویستیمان بەتێگەیشتن هەیە لەئازادی. لەدواجاریشدا دەستەبەر بونی ئازادی لەسیستمی دیموکراسیدا رون دەکەینەوە.

لەراستی‌دا هەر فەلسەفەیەك جیهانبینی‌یەکی تایبەت‌و جیاوازی هەیە بۆ ئازادی‌و لەو گۆشە نیگایەشەوە مافی

ئازادی بۆ تاك‌و كۆمەڵگا بەرەوادەبینێ. ئازادی وەك لەپێشەوە باسكرا پەیوەستە بەمرۆڤ خۆیەوە چونكە مرۆڤ تەوەری سەرەكی ژیان‌و دەرئەنجامەكانێتی... سارتەر دەڵێ ئێمە لەشتەكانی تر جگە لەئازادی‌نەبێ چیدیكە نیە جیامان بكاتەوە[85] عبدلله العروی وا دەبینێ كەمرۆڤ بەتەنها هەڵگری پەیامی ئازادی‌یە لەگەردوندا بەبێ ئازادی، مرۆڤ بونی‌نیەو بەبێ مرۆڤیش ئازادی لەسروشتدا نابێ[86] كەوابێ بۆ ئەوەی ژیان لەپرۆسەی بەردەوامی دابێ دەبێ مرۆڤ بپارێزرێ، بۆ ئەوەی بەردەوامی ببەخشێ بەژیان. پاراستنی مرۆڤیش بەوەدەبێ كەمۆڵەتی هەبێ‌و هەموو ئەو هەلانەی بۆ برەخسێ بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆی بەگەڕبخات بەگەڕخستنی ئیرادەی مرۆڤیش پێویستی بەوە هەیە كەئازادی، لەهەر رێگری‌و كۆت‌و بەندێك كە بەربەرست دروستدەكەن لەبەردەم هەڵسوڕانی خودی مرۆڤدا، بپارێزرێ.

[85] عبدلله العروي، مفهوم الحرية، المركز الثقافي العربي، الطبعة السادسة، ١٩٩٨–ص٦٨-٦٩

[86] هەمان سەرچاوە ل٦٩.

كەوابێ ئەو گرفت‌و بەربەستانەی رێ لەهەڵسوڕان‌و بەگەڕخستنی توانستی مرۆڤ دەگرن ئەوانەنین كە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤدا پەیدا دەبن وەك كارەساتی سروشتی‌و تێك چونی ژینگەو هتد. بەڵكو ئەو رێگری‌و بەربەستانەی توانستی مرۆڤ دەگوشن‌و رێگردەبن هەر ئەو رێگریانەن یان سەركوت كردنانەن كە لەمرۆڤەكان خۆیانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو مرۆڤانەش ئەوانەن كەدەسەڵاتی سیاسی، ئابوری‌و سەربازی‌و هتد. یان بەدەستەوەیە.

لەڕاستی‌دا جیاوازی لەتێگەشتنی ئازادی‌دا، رەنگدانەوەی خراپی بەسەر دەسەڵاتە جیاوازەكانەوە جێ‌هێشتوە هەرئەمەش وای‌كردوە كەئەو سیستەم‌و دەسەڵاتەی ئازادی ناداتە ئەوانەی حوكم دەكات بەسەریاندا پاساوی جۆراوجۆریان هەبێ...

سپینوزا دەڵێ ((ئەوەی پەیوەستە بەئیرادەی مرۆڤەوە ئەوەیە كەئەگەر وتمان مرۆڤ سەربەستە ئەوا ئەو سەربەستیە بەیارمەتی خوانەبێ بەردەوام نابێ وەمرۆڤێك نیە كەبیەوێ سەربەستی پیادەبكات‌و ئیرادەی بجوڵێ مەگەر ئەوەنەبێ كە لەئەزەلەوە خواپێ‌ی‌داوە[87]. رێگرتن لەئازادی مرۆڤ گەوهەری

[87] هەمان سەرچاوە ل٦١

ناكۆكی‌و ململانێی نێوان خەڵك‌و دەسەڵاتە. لەسۆنگەی ئەو ململانێ‌و ناكۆكیانەشەوە لێكدانەوەی جیاواز لەسەر ئازادی پەیدابوە. تێڕوانینی سپینوزا تیۆریزەكردنی ئەوەدەسەڵاتە رەهایەیە كەدەسەڵاتی دینی بەسەر كۆمەڵدا دەسەپێنێ‌و حاكم دەكاتە سالار بەسەر هەموانەوە. بەوەش ئازادی هەموان دەبێتە بەرگێك‌و بەبالای حاكم دا دەكرێ. هەربۆیە هیگڵ پێ‌ی‌وایە كەسەربەستی لەناوەڕۆكدا شتێكی خوایی‌یە[88] بەڵام سارتەر پێ‌ی وایە كەمرۆڤ قورسایی گەردونی لەسەرشانە بۆیە دەبێ سەربەست بێ[89] لێرەوە گرنگی مرۆڤ‌و ئازادی دەردەكەوێ لەژیاندا.

هەروەك چۆن ئەندێشمەندان‌و فەیلەسوفان تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ ئازادی هەیە ئاوهاش لەچۆنێتی دەستەبەركردنی ئازادی‌دا لێك جودان.

سارتەر دەڵێ (ئێمە ناتوانین هەست بەزاتی خۆمان بكەین مەگەر لەرێگەی ئەوەنەبێ كەخۆمان مافی دەست نیشانكردن‌و هەڵبژاردنمان هەیە (اختیاراتنا) ئازادیش هیچ

[88] هەمان سەرچاوەی پێشو ل٦١
[89] هەمان سەرچاوە ل٦٩

مانای‌نیە تەنها ئەو كاتە نەبێ كەتوانای هەڵبژاردن‌و دەستنیشانكردنمان هەمیشە بێ مەرج بن)[90] بەمانای ئەوەی ئازادی مرۆڤ لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كەمرۆڤ خۆی مافی هەستكردن‌و هەڵبژاردنی شتەكانی هەیەو نابێ هیچ مەرجێكی بەسەردا بسەپێنرێ.

هیگڵ پێ‌ی وایە كەئازادی لەسایەی دەوڵەتدا بەرجەستەدەبێ نەك لەناو ویژداندا[91] ئەم تێڕوانینەی هیگڵ بۆچونی ئانارشیزمی رەت دەكاتەوەو دەوڵەت دەكاتە ئامرازێكی پیرۆز لەكاتێكدا دەوڵەت لای ئانارشیزمی‌یەكان ئامرازی سەركوتكردنە...

تێڕوانینی هیگڵی خزمەت بە بۆچونی لیبرالیزم دەكات، چونكە دەوڵەت ئامرازێكی گرنگە وەك د. عەلی وەردی دەڵێ بۆ كۆتایی هێنان بەكوشت‌و بڕی خێڵەكی، كە لەمەیاندا هەنگاوێكی باش هاوێشترا بۆ ئەوەی ئەو ئازادیانەی لەئاكامی شەڕی خێڵەكاندا سەركوت دەكران لەسەردەمی دەوڵەتدا پەیدادەبنەوە. دەوڵەت ئەگەر سیستمی سیاسی

[90] هەمان سەرچاوە ل٦٨
[91] هەمان سەرچاوە ل٦٤

یاریدەدەرێکی باشبێ بەتایبەت کەسیستمێکی دیموکراسی بێ، ئەوا دەتوانێ ئازادی لەوێنە جوانەکەیدا دەربخات بەڵام لای مارکسیزم ئازادی بەچەشنێکی تر باسدەکرێو مارکسیزم پێیوایە کەئازادی لەرێگەی چینی کرێکارەوە دەستەبەردەبێ[٩٢] هیگڵ بونی ئازادی بۆ سەرەتای مێژو دەگێرێتەوە بەڵام مارکس دەیخاتەوە کۆتایی چونکە مارکس پێیوایە کەئازادی کاتێ دەستەبەردەبێ کەخاوەنداریێتی تایبەت نامێنێ[٩٣] هەریەك لەمارکسیزمو هیگڵیزم ئازادی تیوریزەدەکەنو بەتەوەری سەرەکی دادەنێن بۆ مرۆڤ بەڵام ئازادی بەکێ دەدرێو چۆن دەخەملێ لەکۆمەڵدا؟ ئالیرەدا دو دنیابینی جیامان نیشاندەدەن. لێرەوە گرنگی سیستمی سیاسی بایەخ پەیدادەکات چونکە مرۆڤ لەزاتی خۆیدا چەند سیفەتی ئاشتیخوازی هەڵگرتوە بەو ئەندازەیەش هەڵگری ئەنگیزەی (غریزە) شەرخوازیە ئەمەش پێویست دەکات دەسەڵاتێك هەبێ لای مرۆڤ کەهاوسەنگی لەنێوان ئەنگیزە باشو خراپەکانیدا پەیدابکات. بێگومان هۆشیاری مرۆڤ

[٩٢] هەمان سەرچاوە ل٦٦

[٩٣] هەمان سەرچاوە ل٦٧

یەکێکە لەئامرازە هەرە گرنگەکان کەلێیەوە قەڵەمبازبکاتو بەدوای چارەسەرەکانی دیکەدا بگەرێ. هوشیاری مرۆڤ وادەکات هەم بەدوای دەسەڵاتدا بگەرێ کەگوزارشت لەئاتاجەکانی بکاتو هەم ئازادیشی بۆ دابین بکات. لەمێژوودا مرۆڤ خاوەن ئەزمونێکی زۆرە لەگەڵ دەسەڵاتدا ئەم ئەزموونە لەناو خۆیدا زۆر جۆری لەگەڵ خۆیدا بەرهەم هێناوە بەڵام تاگەیوەتە ئەوەی دەسەڵاتێکی گونجاو بدۆزێتەوە چەندان قۆناغی پرکارەساتی بریوە. عبدالکریم غلاب پێیوایە کەئازادی بەسێ قۆناغدا رەتبوە کەبریتین لە، یەکەم قۆناغی بەندایەتیو دوەمیان قۆناغی خەباتکردن لەپێناوی ئازادیو قۆناغی سێیەمیش لێك جیابونەوەی شارستانیەتە تازەکانە[٩٤] غلاب، وا دەبینێ کە لەقۆناغی یەکەم دا کەقۆناغی کۆیلایەتیە مرۆڤ هەموو توانستی دەگوشرا کەبریتیبوو لەکارو تواناو بیرکردنەوە. چونکە لەو سەردەمەدا هێزو دەسەڵاتو سامانو توانای مرۆڤ لەپیادەکردنی

[٩٤] بۆ زانیاری زیاتر بروانە کتێبی، عبدالکریم غلاب، أزمة المفاهیم وانحراف التفکیر، سلسلة الثقافة القومیة (٣٣) مرکز دراسات الوحدة العربیة، الطبعة الاولی بیروت، ١٩٩٨ لاپەرە ١٣٤-١٣٩

توندوتیژیدا ئەوناوەرۆکەبوو کەمرۆڤە سەربەستەکانی لەکۆیلەکانی بن دەستی خۆیان جیادەکردەوە.

کاتێك مرۆڤ هەموو ئەو شتانەی کە لەئەزەلەوە لەگەڵ سروشتی خۆیدا هێناونی لێی زەوتکراو هەموو ئەو بوارانەشی لێکوێربوونەوە کەمرۆڤ دەتوانێ داهێنانی تێدابکات ئەوە مانای داماڵینی سیفەتیو ئادەمی بونی مرۆڤە. لێرەوە مرۆڤ لەگەوهەری خۆی دادەبڕێ کە بەردەوامییەتە لەژیان چونکە ژیان بەجوڵەی ئازادانەی مرۆڤەوە پێناسەیەك بۆ خۆی دادەڕێژی. لەم قۆناغەدا سیستمەکە ئەوەی دەسەپاند کەئەو مرۆڤانەی سەربەستن. بە، کۆیلەکردنی ئەوانی دیکەنەبێ سیستمەکە بەردەوام نابێ بەمانای ئەوەی سیستمی کۆیلایەتی دەسەڵاتێك بوە کە لەسەر بنەمای زەوتکردنی ئازادی بەهەموو بوارەکانیەوە لەسەرپێ وەستابوو. مرۆڤیش کاتێ دەتوانێ بەهای ئازادی تێبگاتو هەوڵی بۆبدات دەبێ بوار هەبێ بیربکاتەوە لەبونو ئاتاجەکانی خۆیو دەبێ بەرهەمی کاروبیرکردنەوەی مرۆڤ لەپێشدا بۆ خۆی بێ بەڵام کەکارکردنو هەڵسورانی مرۆڤ هەمووی بۆ ئەوانی دیکەبوو لەباڵادەستەکانو باڵادەستیش لەسەر پایەی هەڵسوڕانو کارکردنی تاکەکان بەردەوامی بدات بەخۆی بەپاڵپشتی توندوتیژیو جەوروستەمو بەزۆر کار بەمرۆڤ کرا، ئەوە مانای داماڵینی مرۆڤە لەهەموو ئەو بەهایانەی پێناسەی مرۆڤایەتی مرۆڤ دادەڕێژن.

لەقۆناغی دوەمدا کەغلاب دەیگێڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانیەتی رۆمانیو یۆنانی، تا دەگاتە سەردەمی داگیرکردنی ئەمریکا لەلایەن ئینگلتەراوە. مرۆڤ لەم کاتەدا وولاتەکەی داگیردەکرا ئەگەر بەکەڵکی کارکردنیش نەهاتبا ئەوادەکرا بەکۆیلەو لەشوێنی ئەو سپی پێستەکان دەبونە خاوەنماڵو جێگەی ئەوانیان دەگرتەوە.[95] لەم قۆناغەدا مرۆڤ لەهەموو ئەوشتانە بێبەش دەکرا کەدەبنەهۆی خۆشگوزەرانی وەك کارکردن، فێربوون، شوێنی نیشتەجێبوونو تەنانەت رێگرتن لەگوتنو بیرکردنەوەو خوێندنو هتد.[96]

بەڵام لەقۆناغی سێیەمدا غلاب پێیوایە کەشارستانیەتەکان ئازادی لەیەکتر زەوت دەکەنو ئەمجارە زەوتکردنی ئازادی پانتایی گەورەتر دادەگرێ بەمانای ئەوەی کەگەلێك بەدەستیدێنێ لەسەروەریو کەلتورو ئابوریو هتد،

---

[95] هەمان سەرچاوە لاپەرە- ١٣٥.

[96] هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٣٦

**دەبێتە پاشکۆی شارستانیەتێکی زەبەلاح. کەئەمەش بۆ خۆی زەوتکردنی ئازادی‌یە بەدیوێکی دیکەدا.[٩٧]**

**بێگومان بەڕای غلاب لەقۆناغی یەکەمدا بیر لەئازادی‌و رادەربڕین نەکرایەوەو لەقۆناغی دوەمیشدا فیکر، بەکۆیلەکراو وشە زەوتکرا بەڵام لەتەقەللا بۆ ئازادی شێوازی جۆراوجۆر گیرایە بەر[٩٨]. لەراستی‌دا سەرهەڵدانی شۆرشی ئەمریکاو شۆرشی فەرەنساو دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرهەمی وەرچەرخێنەری ئازادیبون لەو قۆناغەدا. چونکە رزگابونی گەلی ئەمریکا لەدەست داگیرکەری ئینگلیزی تەکانێکی مێژویی بەخشیە خەباتی ئازادی‌و شۆرشی فەرەنسەش کلتورێکی گەورەی بۆ ئازادی‌و بەهاکانی ئازادی پەزمەندەکرد.**

**هەریەك لەو دەسەڵاتە جیاوازانەی کە ئێستا بەسەر کۆمەڵگاوە لەووڵاتە جیاجیاکاندا پیادەکراون جگە لەدەسەڵاتی دیموکراسی، ئەوانی تر لەسەر حسابی زەوتکردنی ئازادی تاکەکان بەردەوامیان بەفەرمانڕەوایی خۆیان داوە.**

[٩٧] هەمان سەرچاوە ل١٣٧

[٩٨] هەمان سەرچاوە ل١٣٨

**بەڵام لەسیستمی دیموکراسی‌دا ئازادی مانای خۆی پەیدادەکاتەوە چونکە قوڵایی دیموکراسی لەسەر بنەمای ئازادی دادەمەزرێ‌و ئازادی دەبێتە بناغەی دارشتنی هەموو پرنسیپەکانی دیموکراسی.**

**ئازادی بەڕای غلاب دەستورو یاساو مومارەسات رێکیان خستوەو دامەزراوە گەلی‌یەکان (مؤسسات شعبیة) پاراستویانەو دامەزراوەی دەسەڵاتیش پابەندبوە پێوەیی‌و پاراستویەتی.[٩٩]**

**بەرای- فیلیب برۆ[١٠٠] دو جۆر ئازادی هەیە، ئازادی‌یەك کە لەرێگەی (ئیرادە) توانستی مرۆڤ خۆیەوە دێ‌و ئەوی دیکەیان لەرێگەی رەزامەندی‌یەوە دەبێ.**

**بەرای فلیب برۆ ئەو ئازادی‌یەی کە لەرێگەی توانستی مرۆڤ خۆیەوە پیادەدەکرێ ئەوەیە کەهەڵوێستێك یان هەڵسوکەوتێك بکات ئەوەش ئەوەیە کەخۆی بەبێ توانستی**

[٩٩] هەمان سەرچاوە ل١٤٤

[١٠٠] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی- فلیب برۆ، علم الأجتماع السیاسي، ترجمة د. محمد عرب صاصیلا، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، الطبعة الأولى، ١٩٩٩، بیروت، ص٣٢-٣٦

هیچ کەسێك یان دەسەڵاتێکی دیکە ئەو هەڵسوکەوتەی کردبێ‌و هەر خۆی خاوەنی ئەو ڕەنگدانەوەو ئاسەوارانەیە کەلێ‌ی دەکەنەوە بەمانای ئەوەی خۆی مومارەسەی ویست‌و ئارەزوو داخوازیەکانی خۆی کردوە لەم حاڵەتەیاندا دەوڵەت لەڕێگەی یاساو بەپێ‌ی دەستوری وولات بۆی دەست نیشاندەکات نەك ڕێ‌ی لێ بگرێ ئەوەی دیکەیان پیادەکردنی ئازادی‌یە لەڕێگەی ڕەزامەندی‌یەوە ئەویش ئەوەیە کەمرۆڤ خۆی چالاکی‌یەك دەکات کەهاتۆتەپێشی بەڵام بەزۆر بەسەری دانەسەپاوەو خۆی بەئارەزوو ڕەزامەندی خۆی ئەنجامی دەدات‌و لەقازانجیشی دایە.

بێگومان کاتێك دەستور سنورێك دادەنێ بۆ دەسەڵاتی دامەزراوەکانی دەسەڵات‌و ماف‌و ئەرکەکانی تاکەکان دیاری‌دەکات ئەوە لەخۆیدا بڕیاردانە لەسەر ئازادی تاکەکان بەڵام ئەم ئازادیە بەچەشنێکە کەسنوری بۆدانراوە تا سنوری ئازادی ئەوانی دیکە نەبڕێ.

لەراستی‌دا فەزای دیموکراسی چوارچێوەیەك دادەنێ کەفرە جۆرەکان ئازادانە تیایدا هەڵبسوڕێن بۆ ئەوەی بەئازادی مافەکانیان بەدەست بهێنن کە لەبەرامبەردا، ئەرکەکانیان دیاری‌کراوە، ئەمەش ئامرازێکە بۆ بەشداری‌کردنی هەمو فرە جۆرەکانی کۆمەڵ لەئەرکە زاتی‌و نیشتمانی‌یەکانی خۆیان.

بەمەش ئەوەی لەسەریانە بەرامبەر نیسشتمان بیکەن لەڕێگەی گرەنتی ئازادی‌یە زاتی‌یەکانەوە دێنە مەیدانی خزمەتکردن بەئاتاجە نیشتمانیەکان بەوەش ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵ ئاراستە دەکرێ.

لەو سۆنگەیەوە ئازادی لەلایەك دەبێتە ئامانجێك بۆ بەشداری تاکەکان لەدامەزراوەکانی کۆمەڵ‌و لەلایەکی دیکەوە ئامرازێکە بۆ بەشداری هەموان لەراپەڕاندنی ئەرکە نیشتمانەکاندا بەوەش هەموو جیاوازیەکان بەهۆی گرنتی‌یەکانی ئازادیی‌یەوە لەچوارچێوەی سیستەمە دیموکراسیەکەدا پێکەوە هەڵدەکەن‌و دەحەوێنەوە بەوجۆرە مسۆگەربونی مافی تاکەکان لەپیادەکردنی ئازادیە هەمە چەشنەکاندا پایەکانی دیموکراسی ڕاگیردەکەن.

مەرجی سەرەکی دەستەبەربونی ئازادی ئەوەیە کەتوندوتیژی لەناو کۆمەڵی مەدەنی- سیاسیدا لەبەین چوبێ. نوربیر ئەلیاسی مێژو نوس دەڵێ: ئەو کۆمەڵگایانەی کەتوندوتیژی تێدا پاوان نەکراوە ئەوا دابەشکردنی ئەرکەکان (الوظائف) بەکەمی پەرەدەسێنن‌و زنجیرەی ئەو کارانەی کە ئەندامانی کۆمەڵ پێکەوە گرێ‌دەدات لەگەڵ یەکتردا بچوکدەبێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەو کۆمەڵگایانەی کەتوندوتیژی‌و زۆرەملێ‌یان پاوانکردوە زۆر ڕاگیرو پتەون‌و

**پەیوەندییە وەزیفییەکانیش پتەو پەرەسەندوون[101] لەو سۆنگەیەوە ئەگەر لەسیستمی سیاسیدا دامەزراوەکان لەسەر بنەمایەکی دەستوریی کاریان پێبکرێو دەستوریش لەپێناوی دیموکراتیزەکردنی وڵاتدا نوسرابێتەوە ئەوا دەوڵەت دەتوانێ ئەو کەسایەتیە یاساییەبێ کەتەنها خۆی توندوتیژی پاوانبکاتو لەناوەندە کۆمەڵایەتیەکەدا ریشە کێشیبکاتو هاووڵاتیانیش لەپەیوەندییەکی وەزیفیدا دەبن، ئەمەش ڕێخۆشدەکات کەگیاکەڵەی ئازادی لەریشەوە هەڵکێشێو ئازادی پتر لەڕسکانو پەرەگرتندابێ. چونکە لەم حاڵەتەدا ئەنانیەت بەرەبەرە لەهەستو پەی بردنی تاکەکاندا دوردەخاتەوە هەر ئەوەش وادەکات کۆمەڵ لەتاکە چاکخوازو دیموکراتخوازەکان پێك بێ کە بەدیوێکی دیکەدا دیموکراسی سیمایەکی جوانی کۆمەڵی مەدەنی- سیاسی پێك دێنێ.**

**فیلیب برۆ پێی وایە کەسیستمی دیموکراسی رۆژئاوا لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوەکە (توندوتیژی جەستەیی) نەهێشتوە کەبنەمایەکە بۆ هەر سیستمێکی سیاسی.**

[101] هەمان سەرچاوە لاپەرە-١٤٨-

**لەجێگەی ئەوە سیستمی دیموکراسی رۆژئاوا روانگەیەکە لەکێ بڕکێی نێوان حزبو کەسەکان.[102]**

**ئەگەر توندوتیژی لەکۆمەڵدا هەبوو چ لەنێوان تاك یان فرە جۆرەکانی کۆمەڵیان لەنێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتدا ئەوا تاکە رێگەچارە گەڕانەوەیە بۆ پیادەکردنی ئەو بنچینە یاساییانەی کە پێویست دەکات لەدەستورێکی نوسراوی کراوەدا هەبن کەدەربڕی ئاڵۆزی کۆمەڵەو رێگەچارەیان بۆ دابنێ بۆ ئاڵۆزیو جیاوازیەکانی ناوخودی کۆمەڵ.**

**ئەو رێگە چارانەش دەبێ پاراستنی مافی مرۆڤو دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەخۆبگرن کە لەمافی دەنگدانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دابینکردنی ژیانێکی ئاشتیانە بۆ خەڵكو هەرچی چاکتر لاکردنەوە لەگرفتە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو کلتورییەکانی خەڵك.**

**فلیب برۆ پێی وایە کەهیچ دەسەڵاتێك نیە بەرقەراربووبێ لەڕێگەی یەکێك لەم دوانە نەبێ کەیان بەهێزو زەبروزەنگ یان لەڕێگەی رەزامەندییەوەیە[103].**

[102] هەمان سەرچاوە ل١٥٠

[103] هەمان سەرچاوە ل١٢٩.

**هەڵبەت ئەو دەسەڵاتانەی کە لەڕێگەی شۆڕش‌و ڕاپەرینیشەوە دێن ئەگەرچی لەسەرەتاوە خەڵك بەشدارو ڕۆڵی سەرەکی گێڕابێ بەڵام لەدواجاردا ئێلیێتی حوکم ڕان هەمووشتێ پاوانەکات‌و کارناکات بەپرنسیپەکانی دیموکراسی، ئەوە لەبنەچەدا بەردەوام بونە لەسەر بنەمای هێزو زۆرەملێ. بەڵام بەر قەراربون‌و بەردەوامی دەسەڵات لەڕێگەی ڕەزامەندی هاوولاتیانەوە ئەوە مانای پیادەکردنی دیموکراسی دەگەیەنێ چونکە ئەو ڕەزامەندی‌یە نیشانەی سازاندنی زەمینەی پیادەکردنی ئازادیەکانە بۆ تاکەکان ئەوەش کرۆکی دیموکراسی‌یە.**

**د. امام عبدالفتاح إمام پیێ وایە کەهەندێك پرنسیپی بنچینەیی هەن، ڕۆڵی دیاریان بینیوە لەڕێڕەوی دیموکراسی‌دا کەئەمانەن[١٠٤]:-**

**١-هەموو خەڵکی، ئازادن‌و هەموشیان یەکسانن لەمافی ئازادی‌دا.**

**٢-کەس مافە سروشتی‌یەکانی نەبەخشیون، بەڵکو تایبەتن بەخودی مرۆڤەوە.**

**٣-هەموو خەڵکی یەکسانن. پلەو پایەکانیش لەناو مرۆڤدا بونیان نیە.**

**٤-دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای پەیوەست (التعاقد) دادەمەزرێ ئەویش لەسەر بنەمای ڕەزامەندی دروست بوە کە لەنێوان لایەنەکانی‌دا پەیدابوە. کەس ناتوانێ دەسەڵاتی لێ بستێنێ‌و لەبری ئیرادەی خەڵك حوکم بکات دەنا دەبێتە زۆردار.**

**کەوابێ ئازادی‌و مافە بنچینەیی‌یەکانی مرۆڤ، کەس پیێ نەداون هەروەك کەسیش ناتوانێ لیێ زەوت بکات. بۆیە دیموکراسیش بۆ ئەوە گرنگە کەپارێزگاری لەو ماف‌و ئازادیانە بکات کە لەخودی مرۆڤداو لەگەڵ خۆیدا هێناونی.**

## پوختەی باس

**هەموو کۆمەڵێکی سیاسی، بۆ ئەوەی بەسەر پێ بکەوێ، پێویستە چوارچێوەیەکی سیاسی دیاری کراوی هەبێ کە لەئێستادا دەوڵەت ئەو قەوارە سیاسیەیە کەچارەنوسی**

[١٠٤] ا. د. امام عبدالفتاح امام، الطاغية، الناشر. مكتبة مدبولي. القاهرة ،١٩٩٧، ص٢٩٦

سیاسی کۆمەڵگای پێوەبەندە. دەسەڵاتیش یەکێکە لەپایەکانی دەوڵەت.

هەردەسەڵاتێکی سیاسیش بۆ ئەوەیە پارێزگاری لەبەرژەوەندی هەموو چین و توێژەکان، تایەفەو مەزهەب و ئەو نەتەوانەبکات کە لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دەژین. ئەوەش بەوەدەبێ کەهەم هاوسەنگی‌یەك دروستبکات لەنێوان بەرژەوەندی‌یە ناکۆکەکانداو هەم لەهەڕەشەی دەرەکیش بیپارێزێ.

کاتێك دەسەڵات دەتوانێ لەئاستی ئەو پێداویستیانەی کۆمەڵدا بێ ئەگەر بەئیرادەی هەموو تاکەکانی دروست بووبێ. ئەو کاتەش ئیرادەی گشتی تاکەکان دەبێتە سەرچاوەی دەسەڵات ئەگەر دیموکراسی پەناو پێناوی سیستمی سیاسی بێ.

بێگومان، دیموکراسی مێژوویەکی کۆنی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتە شاری یۆنانیەکان کە تیایدا دیموکراسی بەسەر بنەمای تیروپشك لەنێوان ئەو هاو وڵاتیانەدا پەیڕەو دەکرا کەپێ یان دەوترا خەڵکە سەربەستەکە(احرار). سەرەڕای ئەوەی دیموکراسی لەو سەردەمەدا کەم و کوڕی هەبوو وە دژایەتیش دەکرا لەلایەن ئەندیشمەندان و فەیلەسوفانی نەیاری دیموکراسی‌یەوە بەڵام شۆڕشەکانی ئەمریکاوفەرەنسا خزمەتێکی گەورەیان بە ڕەوتی دیموکراسی کردو چەندان دەستکەوتی دیموکراسیان پێشکەشی کۆمەڵگای خۆیان و مرۆڤایەتی کرد کەسەرەنجام دیموکراسی بووە گوتاری خەباتی زۆربەی میللەتان و لەم سەردەمەشدا دڵنیاین کە لەدواجاردا دیموکراسی کون و قوژبنەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەرجەم کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەتەنێتەوە.

دیموکراسی لەگەوهەری خۆیدا پێویستی بەهوشیاری‌یەکی هەمەلایەنە هەیە کەپێویستە تاکەکانی کۆمەڵ پەیدای بکەن چونکە هوشیاری تاك ڕەوتی پێشکەوتنی ژیانی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەوە جگە لەوەی کە پیادەکردنی دیموکراسی‌و دەست نیشانکردنی فەرمانڕەوایان پێویستی بەوەیە هوشیاری هەبێ لەلایەن تاکەکانەوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە هەڵبژێرن لەپرۆسەی دەنگداندا کە لەئاستی پرۆژەو بەرژەوەندی‌یە نیشتیمانی‌یەکاندابن و راستگۆبن لەگەڵ ئاتەجەکانی خەڵك‌و، بەرژەوەندی تاك گەرایی بخەنە پەراوێزی بەرژەوەندی گشتی‌و هەموانەوە.

هاوشانی ئەوەش هەرچی زیاتر کارکردنی دەسەڵات بۆ قوڵکردنەوەی گیانی دیموکراسیو دەستەبەرکردنی ئازادیەکانی تاك. ئەمەش لەدواجاردا سەقامگیرییەك لەسەر ئاستی کۆمەڵدا دروست دەکات بەشێوەیەك کە بونی دامەزراوەی مەدەنی- سیاسی لەناو وڵاتدا دەبنە ئالیەتێکی گونجاوو ئامرازێکی سەرەکی دەبن لەئاراستەکردنی سیستمی دیموکراسیدا. ئەوەش لەخۆیدا خزمەتێکی گەورە بەکۆمەڵ دەکاتو چەمکی هاووڵاتیبوون سەنگو بەهایەکی گەورە پەیدا دەکاتو دەبێتە هۆی داینەمۆی بەردەوامیو کاراکردنی سیستمی دیموکراسی.

لەراستیدا دیموکراسی مانایەك نادا بەدەستەوە ئەگەر وەکو خۆی، بنەماکانی پیادە نەکرێن کە بریتین لەپەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤو کارکردن بەدەستورێکی دینامیکی بۆپیادەکردنی دەسەڵاتەکان لەخزمەتی بەرژەوەندی هەمەلایەنەی کۆمەڵداو بونی پلورالیزمی سیاسیو پەیڕەوکردنی سیستمی نوێنەرایەتیو دوا پرنسیپیش کە پێوەرێکی گرنگی ناسینەوەی دیموکراسییە پرنسیپی دەستاو دەست کردنی دەسەڵاتە. کارکردن بەو پرنسیپانە دەبێتە هۆی پاراستنی مافەکانی مرۆڤو دابینکردنی ئازادییە بنچینەییەکانو فرە جۆرەکانیش بەباشترین شێوە گوزارشت لەخۆیان دەکەنو دەسەڵاتە جیاوازەکانی دەسەڵاتیش بو خزمەتی کۆمەڵ نەبێ چی تر ناگەیەنن. ئەمەش وادەکات نوێنەران بەردەوام خزمەت بەو ڕێبازە بکەن کە ئاسودەیی هاووڵاتیانی پێوەیەو دەسەڵاتیش لەدیموکراسیدا لای زۆرینەییە ئەم زۆرینەیەش نەرەهایەو نەبەبەردەوامیش دەمێنێتەوە.